TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.7

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Muhsin Mamel Muhammad
Muhsin.muhammad@su.edu.krd

RECEIVED :08 /09/2024
ACCEPTED :16/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) لە دید و تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناس دیفید سموئیل مرجلیوث(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری ڕەخنەییە)

**محسن مامل محمد/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ژینناماەی پێغەمبەر(د.خ)، .
ڕۆژهەڵاتناس،
مرجلیوث،
تۆمەتی بێ بنەما،
وەڵامدانەوەی تۆمەتەکان بە بەڵگەی زانستی.

## پوختە

ئەم توێژینەویە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی وێنایەکی گشتگیری ژینناماەی پێغەمبەر(د.خ) لە دید و تێڕوانینی ڕۆژهەلاتناسی ئینگلیزی بەناوبانگ دیفید سموئیل مارجلیوث، کە زیاتر توێژینەوەیەکی بەراوردکاری ڕەخنەگرانەیە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی زانستی دروست و ڕاشکاوانە، بە ئامانجی ئاشکراکردن و بەدیارخستنی هەڵەو کەموکورییە زانستی و مەنهەجییەکانی، شێواندنی ڕاستییەکان لە بارەی سەرگوزشتەی پێغەمبەر(د.خ) و ڕەسەنایەتی ئیسلام، بە تایبەت هەندێک لەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و موسڵمانەکانی وەک بنەچە و ڕەچەڵەکی پێغەمبەر(د.خ)، بەشداری لە جەنگی(الفجار)، گەشت و سەفەرەکانی بۆ شام، هاتنی وەحی و تیوری نەخۆشی گەشگەی پێغەمبەر(د.خ)، بانگەوازی ئیسلام لە قۆناغی نهێنی، کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ حەبەشە، لە پاڵ ئەوەش ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی لە شاری مەدینە هاتنە ئارا، لەوانە دەستوری مەدینە، شەڕ و غەزەواتەکان و هەڵوێستی بەرانبەر بە جولەکەکان، ڕێکەوتنامەی حودەیبییە، ناردنی نامە بۆ پادشا و ئیمپراتورەکان، هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەر(د.خ)، لەگەڵ هۆکاری نەخۆشکەوتن و وەفاتی، لێبژاردنی کردووەو وروژاندویەتی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە تۆمەتی بێبنەما و ناڕوونی و گومان بخاتە سەر پاکی و بێگەردی پێغەمبەر(د.خ)و پەیامی ئیسلام، دوا بەدوای هەموو ئەوانەش وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەت و چەواشەکارییانە بە بەڵگەو زانیاری و ئاخافتنی نێو پەراوەی سەرچاوەکان، ئەوانەی هاوسەردەمی ئەوان تۆمارکراون.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1.پێشەکی:

**1.1_گرنگی و بایەخی بابەتەکە:** سەرگوزشتە و سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) وەک یەکەم قۆناغ و ئەزموون لە پیادەکردنی حوکمی ئیسلام بەشێوەیەکی کردارەکی، یەکێکە لەو قۆناغە مێژوییە گرنگ و هەستیار و پڕ بایەخانەی ڕەهەندەکانی بەردەوام بووەتە جێگای سەرنج و تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسان و زۆرترین کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆریان لەبارەیەوە نووسیوە و تیایاندا کۆمەڵێک ئامانج و مەرامی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بە تایبەت ئەوانەی لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی خۆیان هاوتەریبە و یەکیگرتووەتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا هەندێکیان دادگەر و ڕاستگۆ بوون، بوێرانە و بابەتییانە ڕاستییەکانیان بەدیارخستووە، لە بەرانبەر ئەوەشدا بەشێکی دیکەیان دەمارگیر و توندڕەو بوون، پەیرەوەی میتۆدی زانستییان نەکردووە و زیاتر پشتیان بەستووە بە گێڕانەوە لاواز و نامۆ و بێبنەماکان، بە ئامانجی شێواندن و لادان و بەلاڕێدابردنی بابەتەکان، بێگومان ئەوانەش ژمارەیان ئێجگار زیاترە بەراورد بە ڕۆژهەڵاتناسە دادپەروەرەکان.

لەم نێوەندەدا دیفید سموئیل مارجلیوث(1858_1940)، یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەر بە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزییە و ناوبانگێکی زۆری هەبووە لە ڕۆژئاوا وەکو کەسێکی ئەکادیمی و شارەزاو زمانزان و بەئاگا، کتێب و بەرهەمی زۆرە لەبارەی کولتوور و فەرهەنگی عەرەب و مێژووی ئیسلام، وەلێ زیاتر دیڤچوون و بەرهەمەکانی دەمارگیری پێوە دیارە و داشۆراوە لە رووی زانستی، بۆیە بە یەکێک لە نەگریسترین و سەرسەخترین ڕۆژهەڵاتناس دادەنرێت، کە هەوڵیداوە لە ڕێگای هەندێک لەو سەرچاوە و گێڕانەوە لاواز و نامۆیانەی ئەوانەی مشتومڕیی زۆریان لەسەرە، تانە لە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی بدات، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدارە بە سەرگوزشتەی پێغەمبەر(د.خ) لێبژاردنی کردووە و وروژاندویەتی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە تۆمەت و لێلی و ناڕوونی و گومان بخاتە سەر ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) و ڕەسەنایەتی ئیسلام.

**2.1_هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** بەگشتی بواری ڕۆژهەڵاتناسی پانتاییەکی فراوانە و بابەتگەلی هەمەجۆری گرنگی وەک هزری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتووری لەخۆ گرتووە، ئەوەش وای کردووە ببێتە جێگای سەرنج و بایەخی ڕۆژهەلاتناسان و لێتوێژان لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بەردەوام خوێندنەوە و شرۆڤەی تازە بۆ ڕەهەندەکانی کراوە، وەلێ ئەوەی جێگای تێرامانە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان، توێژەران کەمتر پرژاونەتە سەر ئەو بابەتە و وەک پێویست پەیان پێ نەبردوە بەراورد بە بابەتەکانی دیکە تا ڕادەیەک فەرامۆشکراوە، هەربۆیە لێرەدا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی ئەو بوارە و ڕاستکردنەوەی ئەو چەواشەکاریانەی دەرهەق بە ڕەسەنایەتی ئیسلام کراوە، هەوڵدراوە توێژینەوەکە تایبەت بکرێت بە (ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) لە دید و تێراوانینی ڕۆژهەڵاتناس دیفید سموئیل مارجلیوث)، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیە و تیشک بخرێتەسەر بیر و بۆچوونەکانی ئەوانەی زیاتر لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەوە گەڵاڵە بووە بەدواداچوونێکی ڕەخنەی _ شیکاری وردی بۆ بکرێت و هەڵە و کەم و کورییە زانستییەکانی چارەسەر بکرێت.

**3.1_ئامانجی توێژینەوەکە:**

1_ لادانی ماسک و ئاشکراکردنی حەقیقەت و مەعدەنی کەسێتی ڕۆژهەڵاتناس(دیفید سموئیل مارجلیوث)

2_ بەدیارخستنی هۆکار و پاڵنەرەکانی دواوەی نووسین و بەرهەمەکانی لە بارەی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ).

3_ خستنە ڕووی ئەو تۆمەت و لادان و بە لاڕێدابردنانەی خستۆیەتییە پاڵ پێغەمبەر(د.خ) و ڕەسەنایەتی ئیسلام.

4_ وەڵامدانەوەی بەشێکی ئەو چەواشەکاری و تۆمەت و خەوشانەی خستۆیەتییە سەر پاکی و بێگەردی پێغەمبەرو ئیسلام لەسەر بنەمای میتۆدی زانستی و زانیاری نێو پەراوی سەرچاوەکان، بەتایبەت ئەوانەی هاوسەردەمی ئەوان تۆمارکراون.

**4.1_ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی پەیرەو کراوە، بەوەی کە زۆربەی زانیارییە سەرەکی و پێویستەکان لە سەرچاوە بنەڕەتیەکان وەرگیراون، پاشان بەراورد کراون بە بۆچوونەکانی

ڕۆژهەڵاتناس مارجلیوث، بەمەش زیاتر پەیرەوی ڕێبازی بەراوردکاری و ڕەخنەیی کراوە، هەندێک جاریش بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو پەنا بۆ ڕێبازی گێڕانەوە براوە.

**5.1_پانتایی و چوارچێوەی توێژینەوەکە:** ئەو توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دەروازەیەک و دوو تەوەرە لەگەڵ چەند دەرئەنجامێک، ئەوەتا دەروازە تەرخانکراوە بۆ بەدیارخستنی ژیننامەو پێگەیشتنی دیفید سموئیل مرجلیوث لەگەڵ دیارترین کتێب و بەرهەمەکانی، ئەوانەی لە شێوەی کتێب و وتار و نووسین لە گۆڤار و کۆڕبەندە ئەکادیمییەکان بڵاوی کردووەتەوە، هەرچی تەورەی یەکەمە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ دید و تێروانینی لەبارەی سەرگوزشتە و ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) لە قۆناغی مەککە، کە تیایدا تیشک خراوەتەسەر بنەچە و ڕەچەڵەک، لە پاڵ ئەوەش هەندێک بابەتی تایبەتمەندی وەک بەشداری لە شەڕی(الفجار)، گەشت و سەفەرەکانی بۆ شام، هاتنی وەحی، تیوری نەخۆشی گەشکەی پێغەمبەر(د.خ)، بانگەوازی ئیسلام لە قۆناغی نهێنی، لەگەڵ کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ حەبەشە، لە تەوەرەی دووەمیش جەختکراوەتەوە لە پەرەسەندنەکانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) لە شاری مەدینە، کە تیایدا باس لە دەستوری مەدینە، شەڕ و غەزواتەکان، هەڵوێستی بەرانبەر بە جولەکەکان کراوە، لەپال ئەوەش تیشک خراوە تەسەر ڕێکەوتنانەی حودەیبییە، ناردنی نامە و پەیامی ئیسلام بۆ پادشاو ئیمپراتۆرەکان، لەگەڵ ژن و ژنخوازییەکانی پێغەمبەر(د.خ)، دواتر هۆکاری نەخۆشکەوتن و وەفاتی.

## 2. ژیننامەی مرجلیوث و دیارترین کتێب و بەرهەمەکانی

### 1.2_ ژیننامەو پێگەیشتنی زانستی

دیفید سامۆئیل مرجلیوث[1] (David Samuel Margoliouth) منداڵێکی تاقانەی دایک و باوکێکی ئینگلیزیی پرۆتستانتیە بە ناوەکانی حزقیال و سارة إغلتیسکي، لە (17 تشرینی یەکەمی ساڵی1858) لە شاری لەندەن لە دایکبووە (الزركلي،2002، 239/2؛ الجبوري، 2002، 343/2).

لە بنەچەدا یەهودیەکی ئینگلیزییە و پەروەردە و پێگەیشتنی زیاتر وابەستەیە بە دەمارگیری ئایینی، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە، کە لەژێر کاریگەری ماڵباتەکەی لە لایەک باوکی کە لە پێشتردا یەهودییەکی هاخام بووە و دواتر بووەتە مەسیحی لە کڵێسای ئەنگلیکانی[2]و پشکداری و خزمەتی کردووە وەک موژدەدەرێک لە نێو جولەکەکان، لە لایەکی دیکەش موزس مرجلیوثی(1818_1881) مامی باوکی ئەویش یەهودی بووە و بووەتە مەسیحی و کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بووە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتناسی و پاشان وەکو پیاوێکی ئایینی خزمەتی کردووە لە شاری (باکین لینفۆرد) لە هەرێمی باکینجهامشایر ئینگلیزی(بوابن، 2022، ص74). لەبەر ڕۆشنای هەموو ئەوانەش دەکرێت بگوترێت، ناوبراو لە خێزانێکی بە ڕەچەڵەک جولەکەی گۆڕاو بۆ مەسیحی هاتووەتە دونیاوە، کە بە خانەوادە لە خزمەت پرۆسەی موژدەدەری و وەک مەسیحییەکی دەمارگیری تەوراتی لە خزمەتی جولەکەدا بوون.

لەبارەی قۆناغەکانی خوێندنی ژیانی، ئەوا قۆناغی بەرای لە قوتابخانەی هایکینی لە لەندن دەستپێکردووە، دواتر لە تەمەنی چواردە ساڵی مۆڵەتی خوێندنی بە دەستهێناوە لە قوتابخانەی وینشتر لە ساڵی(1872)، کە یەکێکە لەو قوتابخانانەی تایبەت بووە بە کوڕان، بەتایبەت ئەوانەی زیرەک و بەتوانا و لە ئاستێکی بەرزی زانستیدا دابوون، پاشان لە تەمەنی نۆزدە ساڵی توانیویەتی مۆڵەتی خوێندن بەدەستبهێنێت لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ساڵی (1877)( Mathew & Harrison, 2004, Vol: 36, P: 658)، دوا بەدوای هەموو ئەوانەش، دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە و دیڤچوون بۆ زمانەکانی یۆنانی و لاتینی، دواتر گرنگی و بایەخی داوە بە ئەدەبە کلاسیکییەکان و زمانە سامییەکان، دوای ماوەیەک قاوبوونەوە تیایاندا پسپۆری وەرگرتووە، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی کاتێک زۆر بە باشی قسەی پێ کردووە و پێی نووسیوە، پاشان بە پلەی پرۆفیسۆر لە نێوان ساڵانی(1889 تاوەکو 1937) دامەزراوە، وەک مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، ئیتر هەر ئەوەشە وای کردووە بە یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە گەورە و بەناوبانگەکان هەژمار بکرێت (بڕوانە: العقیقي، 1964، 518/2؛ حمدان، 2009، ل263).

له ساڵی(1896) ژیانی هاوژینی پێکهێناوه لەگەڵ ئافرەتێک بەناوی(جیسي پێین سمیث)، دواتر بەیەکەوە کاریان کردووە لە دەرکردنی فەرهەنگێکی گەورە و ناوازەی باوکی بەناوی(کنز اللغة السريانية)(بدوي، 1993، ص546).

لە ماوەی ژیانیدا وەکو کەسایەتییەکی درەوشـاوە و لێهاتوو تەواوی هەوڵ و تەقەلاکانی خستووەتەگەڕ بۆ کارکردن لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی، لەم نێوەندەشدا سەرپەرشتیاری و ئەندامییەتی چەندین کۆڕ و کۆمەڵە و گۆڤاری کردووە لە دیارترینیان: ئەوەتا لە ساڵی1905 بووەتە ئەندام لە (مجلس الجمعية الملكية الاسيوية)، هەروەها دوا بەدوای ئەوەش ئەندام بووە لە (المجمع العلمي العربي في دمشق) لە ساڵی 1920، پاشان بووەتە سەرۆکی هەمان کۆڕی زانیاری لە نێوان ساڵانی (1934_1937)، بە هەمان شێوە ئەندام بووە لە(المجمع اللغوي البريطاني)و (الجمعية الشرقية الالمانية)، بێجگە لەوەش ماوەیەک وەک بەڕێوەبەر سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری(مجلة الجمعية الأسيوية الإنكليزية) کردووەو لەگەڵ ئەوەش پشکداری کردووە لە دەرکردنی (دائرة المعارف الاسلامية)، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار سەردانی ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ناوینی کردووە، بەتایبەتی وڵاتی هیند و عێراق (بڕوانە: حمدان، 1988، ص169؛ بدوي، 1993، ص546)، پاشان خانەنشین بووە بەهۆی خراپی و تێکچوونی باری تەندروستی، دواجار لە (23/ئاداری ساڵی 1940) لە تەمەنی هەشتاو یەک ساڵی لە شاری لەندن مردووە( الزركلي، 2002، 239/2).

## 2.2_ کتێب و کۆ بەرهەمەکان

مرجلیوث یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە هەرە چالاکەکان وەکو توێژەر و لێکۆڵەرێکی بواری ڕۆژهەڵاتناسی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زۆر بواردا کاری کردووە، تەنانەت خاوەنی زیاتر لە هەشتا بەرهەمی جۆراوجۆرە لە بارەی کولتووری عەرەبی و مێژووی ئیسلامی، کە پێکهاتووە لە کتێب و توێژینەوە و وتار و کاری وەرگێران، ئەوەی زیاتر لێرەدا گەرکمانە بەرهەمەکانیەتی لەبارەی مێژووی کەلتوری ئیسلام، بەتایبەتی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)، پاشان تەواوی بەرهەمەکانی دیکەی دەخرێتەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ محمد و ظهور الاسلام (Mohammed and the Rise of Islam)

یەکێکە لە کتێب و شاکارە هەرە دیارەکانی و لە ڕۆژئاوا دەنگانەوەیەکی زۆری دروستکردووە، بەتایبەت وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن، لە ساڵی 1905بۆ یەکەمجار بلاویکردۆتەوە (السباعي، 1968، ص47).

ئەو کتێبە تایبەتە بە ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) و سەرەتای بەدیارکەوتنی ئیسلام، پێکهاتووە لە دەروازەیەک و سیانزە تەوەرە، کە لە دەروازەدا شەن و کەوی ئەو بەرهەمانە کراوە کە لە لایەن موسڵمانەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان لە سەر محەمەد نووسراوەن، پاشان لە تەوەرەی یەکەم تاوەکو کۆتای بە تێروتەسەڵی لە بنەچەو ڕەچەڵەکی محەمەد لە نیوە دوورگەی عەرەب دەست پێدەکات تاوەکو ژیان ئاوایکردن و مردنی(بڕوانە: Margoliouth, 1905, p: iii–472).

2_ الإسلام ( MOHAMMEDANISM) لە ساڵی 1911 بڵاویکردۆتەوە( See: Margoliouth, 1911, p:7 and beyond).

3_ التطورات المبكرة في الاسلام لە ساڵی 1914 بڵاویکردۆتەوە.

4_ العلاقة بين العرب و اليهود لە ساڵی 1924 بڵاویکردۆتەوە.

5_ اصول الشعر العربي (The original Arabic poetry)، یەکێکە لەو بەرهەمانەی زۆرترین دەنگدانەوەی لێکەوتۆتەوە بەو پێەی لێرەشدا گومان دەخاتە سەر دیوان و هۆنراوەکانی سەردەمی نەفامی( پێش ئیسلام) و پێی وایە، کە ئەو شیعرو هۆنراوانەی لەو ماوەیەدا نووسراون و تۆمارکراون لە قۆناغی پێش هاتنی ئیسلام بوونیان نەبووە، بەڵکو مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دوای بەدیارکەوتنی ئیسلام و دابەزینی قورئان(بڕوانە: مرجليوث، 2006، ص 107و مابعدها).

بەشێکی دیکە لە بەرهەمەکانی بریتییە لە وەرگێرانی هەندێک لە کتێبی کولتووری عەرەبی و ئیسلامی بۆ زمانی ئینگلیزی و ناساندنی بە دونیای ڕۆژئاوا لەوانە:

1_ معجم الادباء ياقوت الحموي(م:626ک/1299ز) لە حەوت بەرگدا لە نێوان ساڵانی( 1907-1927) بڵایکردۆتەوە.
2_ رسائل ابي العلاء المعري(م:449ک/1057ز) لە ساڵی 1898 بڵاویکردۆتەوە.
3_ نشوار المحاضرة للتنوخي(م:384ک/994ز) لە ساڵی 1921 بڵاویکردۆتەوە.
4_ بەشێک لە کتێبی (تجارب الامم) تأريخ مسكويه(م:421ک/1030ز) لە ساڵی 1921 بڵاویکردۆتەوە.

لەگەڵ کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی وەک: (قطعة بردي عربي 1893، المخطوطات العبرية والسامرية لندن1893، ترجمة مختارات البيضاوي 1894، المخطوطات السريانية و الكرشونية لندن 1899، المعجم السرياني 1903، اوراق البردي العربية 1909، القاهرة و القدس و دمشق ثلاث عواصم سلاطين مصر 1907، ترجمة تاريخ تمدن الاسلامي جرجي زيدان 1907، الحماسة للبحتري 1909، مختارات شعرية لأرسطو 1911، الانساب للسمعاني 1912، نهضة الاسلام لمتز عن الالمانية 1978، لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکەش)( بڕوانە: الحقيقي، 1964، 1/ 518؛ طعمة، 1984، ص85).

بێجگە لەوەش، بەشێک لە توێژینەوەو بەدواداچوون و وەرگێڕانەکانی لە گۆڤاری( الجمعية الملكية الاسيوية)ی بڵاوکردتەوە بەو شێوەیەی خوارەوە: (ترجمة مختصرة بالفارسية من كتاب التفاحة المنسوب الى ارسطو 1892، فهرست ديوان ابي تمام 1905، سيرة عبالقادر الجيلاني 1907، تاريخ الامويين و العباسيين جرجي زيدان 1908، وصية عمر القاضي 1910، سير بعض الصوفيين 1913، الاعتبارات التاريخية في الخلافة 1921، نصوص القرآن 1925، الفكاهة عند كتاب العرب 1927، هاروت و ماروت 1828، الافكار والمثل في الاسلام الحديث 1930، الزندقة في الاسلام و المسيحية 1933، لەگەڵ چەندان بەرهەمی دیکەش)( بڕوانە: بدوي، 1993، ص379؛ مراد،2004 ص1036 و ما بعدها).

بەهەمان شێوە خودان چەندین بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری مێژووی هیند(مجلة تاريخ الهند) لەوانە: (الايام الاخيرة لفاطمة بنت النبي 1909، حول المهدي و المهدية 1916، معنى كلمة الخليفة 1922، المعلومات التاريخية في ديوان البحتري 1923، مختارات من كتاب الامتاع و المؤانسة لأبي حيان التوحيدي 1930، شعر مهيار الديلمي 1933، كتاب الدين و الدولة لعلي الطبري 1930، لەگەڵ چەندان بەرهەمی دیکەش)( بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی تەواوی بەرهەمەکانی بڕوانە: مراد، 2004، ص 1036-1038؛ العقيقي، 1964، 518/2-520).

دوای ئەوەی ژیان ئاوایی کرد، ناکرێت ئەوە بەنادیدە بگیرێت، کە سەروەتێکی گرنگ و دەوڵەمەندی هزری پڕ لە نووسین و کتێب و بەدواداچوونی لە دوای خویدا بەجێهێشت، بەمەش بە یەکێک لە زانا و زمانزان و کەسایەتێکی دیاری بواری ڕۆژهەڵاتناسی دادەنرێت، ئیتر هەر ئەوەشە وای کردووە لە نێو دۆست و هەوادارو نەیارەکانی بەشێوازی جیا جیا قسەو باسی لەبارەوە بکرێت، لەم نێوەندەشدا یەکێک لە هاوبیرەکانی بەناوی (گیلبرت مورای 1866_1957)پەسن و ستایشی زۆری کردووە بەوەی، کە لە نێو زانا و بیرمەندو زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپا ناوبانگێکی ئێجگار گەورە و ئەفسانەیی هەبووە (Wickham,1949, p:597). سەرەڕای ئەوەش، باس لەوە دەکرێت لە ڕێگای بەدواداچوون و توێژینەوە و نووسینەکانی لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی خزمەتێکی زۆری بە کولتوور و فەرهەنگ و مێژووی ئیسلام کردووە (كبير، 1976، ص144-145).

لە بەرانبەر ئەوەدا نەیارەکانی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونەکانی لەبارەی کاری ڕۆژهەڵاتناسی داشۆراوە و بەتاڵە لە ڕووی زانستی و زیاتر مۆرکی دەمارگیری پێیەوە دیارە، ئەوەش وای کردووە تووڕەیی و پەرچەکردار بەرانبەری نەک تەنها لەلایەن موسڵمانەکان، بەڵکو لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لێ کەوتووەتەوە(الندوي، 1423هـ ص88؛ بدوي، 1993، ص546). لەلایەکی دیکەش، وا وێنایکراوە کە نەگریسترین و سەرسەخترین ڕۆژهەڵاتناسە بە ئاشکرا ڕق و کینەی هەبووە بەرانبەر بە پێغەمبەر(د.خ)( طعمة، 1984، ص85؛ القاسم، 2010، 158/1).

بەرئەنجامی ئەو بۆچوونانەی خراونەتەڕوو دەکرێت باس لەوەبکرێت ڕاستە و حاشا هەڵنەگرە وەکو کەسێکی بەئاگا و شارەزا و زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسێکی چالاک کتێب و توێژینەوە و وتاری زۆری نووسیوە لەبارەی ئەدەب و کولتووری عەرەب و مێژووی ئیسلامی، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینەکانی لەبارەی مێژووی ئیسلام دڵسۆز و ڕاستگۆ نەبووە و پەیڕەوەی مێتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکردووە، بەڵکو زیاتر پەیرەوی میتۆدی لێبژاردن (ئیتقائی) کردووە، واتە

دەســـــتەبژێرکردنی ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە لەگەڵ بۆچوونە پێشـــوەختیەکانی خوی یەکیگرتۆتەوە، بەتایبەت ئەو گوتارو نووسین و کتێبانەی پەیوەندیدارە بە ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ)، زیاتر بەو ئاراستەیە کاری لەسەر کراوە کە هەوڵی شێواندن و بەلارێدابردن و گومان خستنەسەری داوە، ئەوەشیان زیاتر لە خودی پاشخانی مرجلیوث سەرچاوەی گرتووە کە وەکو ڕۆژهەڵاتناسێکی موژدەدەری جولەکەی دەمارگیر لە چوارچێوەی بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوای و مەسیحی هاتۆتە مەیدانەکە، کەچی خۆی وەکو ڕۆژئاواییەک ناساندوە نەوەک تاکێکی یەهودی بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجە ئایینیەکان، بۆ بەدیهێنانی ئەو مەرامەش هەموو هەوڵەکانی خســـتووەتەگەر بۆ لاوازکرنی ئایینی ئیســـلام و گومان خســـتنەســـەر پەیامەکەی بەوەی کە ئایینی جولەکە بنچەو سەرچاوەی یەکەم و بنەرەتییە بۆ ئیسلام، بۆ ئەمەش هەوڵ و تەقەلاکانیشی بەو ئاراســـتەیە چەکەرەی کردووە، کە خزمەت بە جولەکەکان بکات و لە زۆربەی ڕووداو پێشـــهاتەکانی ئەو قۆناغە بەردەوام هاوسۆز بووە لەگەڵیان(لە تەوەرەکانی دواتر بەتەواوی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە).

## 3. دید وتێڕوانینی مارجلیوث لەبارەی ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) و موسڵمانەکان لە قۆناغی مەککە

### 1.3_ بنەچەو ڕەچەڵەکی پێغەمبەر(د.خ)

بەو پێیەی عەرەبەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی گرنگی و بایەخی زۆریانداوە بە هەواڵی ڕەچەڵەکناسی، هەربۆیە سەرچاوە مێژووییەکان هاوڕان لە ســـەر ئەوەی کە پێغەمبەر(د.خ) عەرەبەو ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی قوریش، لە هەمان کاتدا نەژادیشی دەگەڕێتەوە بۆ (عدنان) باپیرە گەورەی عەرەبەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:(محەمەد کوری عبدالله کوری عبد المطلب کوری هاشـــم کوری عبد مناف کوری قصـــي کوری کلاب کوری مرة کوری کعب کوری غالب کوری فهر کوری مالک کوری النضـــر کوری کنانة کوری خزیمة کوری مدرکة کوری إلیاس کوری مضـــر کوری نزار کوری معد کوری عدنان)( بڕوانە: ابن هشـــام، 1955، 1/1؛ ابن ســـعد، 1990، 46/1؛ البلاذري، 1996، 12/1_58؛ ابن حزم، 1900، 2).

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ســـەرچاوە مێژووییەکان باس لە پاکی و بێگەردی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر(د.خ) دەکەن، بەوەی کە لە ماڵباتێکی دیاری شـــاری مەککە هاتۆتە دنیاوە، کەچی لێرەدا مارجلیوث وەک پیشـــەی هەمیشـــەی گومان و لێلی دەخاتە ســـەری و بە چاوێکی نزم ســـەیری دەکات، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات کە بنەچەی پێغەمبەر(د.خ) دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی ئاسـایی و خاکی، بۆ ئەمەش بە هەڵە پشـتی بەسـتووە بە فەرمایشـتێکی خوای گەورە هەروەک دەفەرموێت: [ وَقَالُوا لَوْلَا نزل هَذَا الْقُرْآن علی رجل من القریتین عَظِیم] (ســـورة الزخرف، الایة/31)، کاتێک قوریشـــیەکان پرســـیاری ئەوەیان دەکرد لەبەرچی پێغەمبەرێک نێردراوە بۆیان کە بنەچەی ناگەڕێتەوە بۆ ماڵباتێکی خانەدان (Margoliouth, 1905, p: 47). ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵێوەســـتە کردنە ئەوەیە کە وتە و قســـەکانی خوای گەورەی بە بەڵگە هێناوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی خۆی زانایەکی پیتۆڵ و زمانزانێکی لێوەشـــاوە بووە، کەچی بە هەڵە ئەو فەرمایشـــتەی ڕاڤەکردووە، یاخود بە ئەنقەســـت هەوڵیداوە بابەتەکە بەلارێدا ببات، لەبەر ئەوەی ئەو فەرمایشـــتە باس لە بێباوەڕە قوریشییەکان دەکات، ئەوانەی لە گۆشەنگا و پێوەرەکانی خۆیان لە پێغەمبەرایەتیان دەڕوانی بەوەی کە محەمەد یەکێک نییە لە گەورە و ســـەرکردەکانی مەککەو تائیف، وا وێنایان دەکرد پێویســـتە پەیامی پێغەمبەرایەتی و ســـروش دابەزێت بۆ پیاوێکی دیارو گەورەی ئەو دوو شـــوێنە(بڕوانە: الســـیوطي، 2004، ص521). هەربۆیە لێرەدا دەکرێت بگوترێت ئەو فەرمایشـــتە گوزارشـــت ناکات لە ڕەچەڵەک، بەڵکو پەیوەســـتە بە پێگەی کۆمەڵایەتی و هەندێک پێوەری ســـەردەمی نەفامی کە زیاتر پەیوەندیدارە بە پێگەو پارەو ســـامان و ناوبانگ، لەبەرئەوەی قوریشـیەکان پێیان وابوو ئەو کەســـەی دەبێتە گەورە و ڕێبەریان، پێویســـتە کەسـێکی خاوەن پێگەو سـامان و دەسـت ڕۆیشـتوو و نێوبانگێکی زۆری هەبێت لە نێو تیرەو هۆزەکەی خویدا(بڕوانە: ابن هشام، 1955، 295/1؛ الطبري، 1997، 323/2).

ئەوە لە کاتێکدا بەڵگەی دیکە لەبەردەستدان گەواهی ئەوە دەدەن کە ماڵباتی پێغەمبەر(د.خ) ڕۆڵ و پێگەی دیاریان هەبووە لە شـــاری مەککە، بەتایبەتی(عبد المطلب) باپیرە گەورەی(بڕوانە: ابن هشـــام، 1955، 49/1_50؛ الازرقي، د.ت، 144/1؛ خەیات، 2019، ل158)، ئەوەش لە میانەی گێرانەوەیەکدا باس لەوەدەکرێت کاتێک(ابرهة)ی حەبەشـــی بە ســـوپایەکەوە

هـات بۆ داگیرکردن و تێکدانی کەعبە لە شــــاری مەککە، عبـد المطلب بـاپیرە گەورەی پێغەمبەر(د.خ) وەکو گەورە و سەرکردەیەکی قوریش گفتوگۆو دانوستانی لەگەڵدا کرد( إبن اسحاق، 2004، 45/1)، بەهەمان شێوە، (ابو سفیان) وەکو یەکێک لە گەورە و ڕێبەرانی قوریش پێش موسڵمان بوونی، یەکێک بووە لە دوژمنە سـەرسـەختەکانی پێغەمبەر(د.خ) ئەو ڕاســتییەمان بۆ ئاشــکرا دەکات، کاتێک لە شــام خەریکی کاری بازرگانی بووە، لە شــاری إیلیا(قودس) بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی دەوڵەت لە دەربارى ئیمپراتۆری ڕۆم چاوی بە (هرقل) کەوتووەو لە میانەی گفتۆگۆیـاندا پرســـیـاری لێکردووە لەبارەی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر(د.خ)، ئەویش لە وڵامدا پێی ڕاگەیاندووە کە لە نێو ئەواندا کەسێکی خودان پێگەو ڕەسەن و دیارە (البخاري، 2001، 8/1، رقم الحدیث/7).

لە لایەکی دیکەش، کاتێک مارجلیوث دێتە ســـەر باســـی عبد المطلب و نەوەکانی، بە تایبەت(عبدالله) باوکی پێغەمبەر وا وێنای دەکات کە کەســـێکی دیارو بەرچاو نەبووە و بۆ بژێوی ژیانی خەریکی ئیش و کار بووە لە دەرەوەی شــــاری مەککە( Margoliouth, 1905, p: 49). لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونەی ناوبراو دەکرێت باس لەوە بکرێت کە ڕاستە( عبدالله) لە ڕووی تەمەنەوە کە ئەو کاتەی لە بیست و پێنج ساڵ تێپەڕی نەدەکرد بەراورد بە براکانی دیکەی وەک (حارث، زوبیر، حجل، ضـرار، مقوم، ابو لهب،ابو غالب، عباس، حمزة، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کەسـێکی خۆشـەویسـت و ڕێزلێگیراو بووە لە لایەن عبدالمطلبي باوکی(ابن اسـحاق، 2004، 85/1_87)، هەرچی پەیوەسـتیشـە بە کارو پیشـەکەی ئەوا دەکرێت باس لەوە بکرێت هەروەک زۆربەی ئەندامانی هۆزەکەی بەشـێوەیەکی سـەرەکی سـەرقاڵی کاری بازرگانی بووە( ابن سعد، 1990، 69/1)، دیارە کاری بازرگانیش لەو کاتەدا یەکێک بووە لە پیشە هەرە دیارەکان و بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی دانیشـتوانی شـاری مەککە سـەرقاڵی ئەو کارە بوون، بە تایبەت کەسـایەتیە دیارو خاوەن پێگەو دەوڵەمەندو زەنگینەکان.

## 2.3_ بەشداریکردنی پێغەمبەر(د.خ) لە جەنگی (الفجار)

پێغەمبەر(د.خ) وەک هەر تاکێکی دیکەی هۆزی قوریش و کۆمەڵگای مەککە پێش هاتنی سروش بانگەوازیکردن بۆ پەیامی ئیســلام، بەدەر نەبووە لەو ڕووداو پێشــهاتانەی ڕووبەڕووی خانەوادە و هۆزەکەی بووەتەوە، بەتایبەت هەندێک لەوانە ڕووداوگەلێک بوون بەشــێوەی شــەڕو شــۆر، لەم چوارچێوەیەشــدا بەشــداریکردووە لە جەنگی الفجار(3)، کە ئەو کاتە تەمەنی چواردە یان پانزە ساڵ بووە( ابن هشام، 1955، 184/1)، یاخود دەگوترێت تەمەنی بیست ساڵ بوو( بڕوانە: ابن سعد، 1990، 102/1؛ الطبري، 1997، 392/2؛ خەیات، 2019، ل164)، وەک بەجێگەیاندنی ئەرکی سـەرشـانی لە تەک مامەکانی بەشداری ئەو جەنگەی کردووە، ئەوەش لەمیانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت خودی خۆی لەبارەی ئەو جەنگە فەرمویەتی:(( لەگەڵ مامەکانمدا ئامادەی ئەو جەنگە بوون، تیرم دەهاویشـــت، خۆشـــحاڵ نەدەبووم ئەگەر وام نەکردایە)) (ابن سعد، 1990، 102/1).

لێرەدا کاتێک مارجلیوث دێتە سەر بابەتی بەشداریکردنی پێغەمبەر(د.خ) لەو جەنگە، باس لەوە دەکات محەمەد لە تەمەنی هەرزەکاری وەکو یاریدەدەر لە پاڵ مامەکانی بەشـــداریکردووە لەو جەنگە، دواتر ئاماژە بەوە دەکات ئەو جەنگە زنجیرەیەک شەڕ بووە بە پێنج قۆناغ لە نێوان ساڵانی(584_588ز)، لە قۆناغی یەکەمدا بەشداری نەکردووە، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا ڕێگەیان نەدەدا ئەوانەی تەمەنیان لە خوار پانزە ســاڵە بەشــداری بکەن، بەڵام لە جەنگەی بەشـــداریکردووە تەمەنی بیســت ســاڵ بووە، ئامانجی ســەرەکی بەشــداریکردنی لەو جەنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەدوای ناوبانگ و خۆبەدیار خسـتن بووە (See: Margoliouth, 1905, P: 53_57). لە ڕاسـتیدا نازانرێت ئەو قسانەی ناوبراو لە چیدا ســەرچاوەی گرتووە، وەلێ ئەوەی ڕوونە زیاتر لەودا ســەرچاوەی گرتووە لە هەر هەنگاوێکی ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) تۆمەتێکی بێ بنەما و ناڕەوای دەخاتە پاڵ، لەبەرئەوەی لۆژیک و گونجاو نیە گەنجێکی چواردە بۆ بیســـت ســـاڵان بیرۆکەی خۆ دەرخســـتنی لەلادا گەڵاڵە بوو بێت، بەڵکو ئەوە زیاتر لەوەدا ســـەرچاوەی گرتووە، کە پێغەمبەر(د.خ) وەک هەر تاکێکی دیکەی هۆزەکەی لە ســۆنگەی هەســتکردن بە بەرپرســیارییەتی بەرانبەر پاراســتن و بەرگریکردن لە تاک

بەتاکی ئەندامانی تیرەکەی لە تەک مامەکانیدا بەشداریکردووە لەو جەنگە (بڕوانە: ابن سعد، 1955، 186/1؛ المسعودي، 2005، 236/1).

### 3.3_ گەشت و سەفەرەکانی پێغەمبەر(د.خ) بۆ شام

سەرچاوەکانی تایبەتمەند بە ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) کۆک و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە تەمەنی منداڵیدا کاری شوانی مەڕی کردووە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ هەندێک لە خەڵکی مەککە، بەڵام کاتێک تەمەنی بوو بە دوانزە ساڵ، لەگەڵ کاروانە بازرگانیەکانی(ابو طالب)ی مامی گەشتی کردووە بۆ وڵاتی شام( ابن هشام، 1955، 1/ 180؛ ابن سعد، 1990، 96/1؛ ابن قتيبة الدينوري، 1992، ص150). بێگومان ئەو گەشت و سەفەرانە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر لایەنی هزری پێغەمبەر(د.خ) و ئاستی بیرکردنەوەکانی فراوانتر کردووە، لەبەرئەوەی ئەو گەشتە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند بەشێک لە شارو لادێ و ئاواییەکانی دەرەوەی مەککە ببینێت، لەوانە( بصری[4]) و (مدين) و (وادی القرى) و زۆر شوێنی جوانی پڕ لە باخ و سەوزایی و دەوڵەمەند بە سەرچاوەی ئاوی کە هەرگیز بەراورد نەدەکرا لەگەڵ مەککە و ناوچەکانی دیکەی حیجاز، لە هەمان کاتدا هەندێک لە ڕاهیب و پیاوانی ئایینی مەسیحی بینی کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێبیون( بڕوانە: ئەلمەللاح، 2018، 101/1).

لەم نێوەندەدا مارجیلیوث کاتێک باس لە گەشت و سەفەرەکانی پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بەوە دەکات محەمەد یاوەری کاروانە بازرگانیەکانی کردووە ئەوانەی دەچوونە دەرەوەی شاری مەککە بۆ شام و یەمەن بە بەردەوامی و هەندێک جاریش بۆ وڵاتی مصر، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە زانیارییەکی هەڵە دەخاتەڕوو کاتێک باس لەوە دەکات محەمەد کاتێک باسی وڵاتی مصری کردووە، وەسفی کۆشک و تەلارەکانی کردووەو زۆر بەجوانی دەیخستە ڕوو (Margoliouth, 1905, p:57). لە ڕاستیدا ئەو زانیارییە هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا بەدیناکرێت، لەبەرئەوەی هیچ کامێک لە سەرچاوە ڕەسەن و هاوسەردەمەکان باس لەوەناکەن لەوکاتەدا بۆ هیچ مەبەستێک سەردانی وڵاتی مصری کردبێت، بگرە لەوەش زیاتر هەرنەشی بینیووە.

جێگای ئاماژە پێدانە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لەو گەشت و سەفەرانە پێغەمبەر(د.خ) چاوی بە هەندێک راهیب و پیاوانی ئایینی مەسیحی کەوتووە و ئەوانیش نیشانەی پێغەمبەرایەتیان تێدا بەدی کردووە، لەوانە (بحيرا) راهیب لەوکاتەدا سەرپەرشتیاری دێرێکی نزیک لە شاری (بصرى) کردووە، کاتێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد لە ڕێگای میوانداری و دابینکردنی خۆراک و ئاوو شوێنی حەوانەوە، لێرەدا باس لەوەدەکرێت لە میانەی نانخواردندا گفتوگۆو چەند پرسیارێکی لە پێغەمبەر(د.خ) کردووەو نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی تێدا بەدی کردووە، هەربۆیە داوای لە (ابو طالب)ی مامی کردووە دەست بەجێ بیگەڕێنێتەوە شاری مەککە و پارێزگاری لێبکە لە فێڵ و مەترسی جولەکەکان( ابن اسحاق، 2004، 124/2؛ سڤاری، 1994، ص33).

بەهەمان شێوە، لەو کاتەی سەرپەرشتی کاروانە بازرگانییەکانی(خديجە) ی کردووە بە یاوەری(ميسرة) خزمەتکاری گەشتیان کردووە بۆ شاری(بصرى) لە شام، دووبارە چاویان بە راهیبێک کەوتووە بەناوی (نسطور)، ئەویش نیشانەی پێغەمبەرایەتی تێدا بەدیکردووە، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت پێغەمبەر(د.خ) دوای گەیشتنی بە بازاڕی شاری (بصرى) لە ژێر سێبەری دارێکدا دانیشتووە، کاتێک (نسطور) ئەو دیمەنەی بینیووە گوتوویەتی:(( هەرگیز کەس لە ژێر ئەو دارەدا دانەنیشتووە، مەگەر تەنیا پێغەمبەران نەبێت)) (بڕوانە: ابن سعد، 1990، 124/1).

ئەوەی لێرەدا زیاتر گەرەکمانە ئەو چاوپێکەوتنانەیە، لەگەڵ ئەوەی جێگای گومانیشە بەوەی، کە ڕەنگە ئەو یەکتر بینینانە هەر ڕووی نەدابێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژهەڵاتناسان ئەو سەفەرو چاو پێکەوتنانەیان زۆر گەورە کردووەو کردویانە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر(د.خ) بنەما و پەیام و بیرۆکەی ئایینە نوێیەکەی لە جولەکە و مەسیحی و ئایینە کۆنەکان لەگەڵ گێڕانەوە زارەکییە باوەکانی نێو خەڵک وەرگرتووە، دواتر لە نێو خەڵکدا بڵاوی کردووەتەوە و وای نیشانداوە، کە ئەو پەیامە لە لایەن خواوە بۆی هاتووە(بودلي، 1989، ص 38، 76وما بعدها؛ عبد الحميد، 1969، ص9).

لەم نێوەندەشدا مارجلیوث هەمان بۆچوونی ئەوان دووپات دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، لەو گەشت و سەفرانە هەندێک کەسی ناسیووە( بەبێ ناوهێنانی راهیبە مەسیحییەکان)، بەشێوەیەک ڕووداوەکانی دواتر ئەوەی سەلماند کەسانی

بە سوود بوون، دواتر جەخت لەوە دەکات زۆرێک لە زانیارییەکانی لە ڕێگای گفتوگۆ بەدەستخستووە، بەتایبەتی لە میانەی دانیشتنی لە دوکان و فرۆشگاکان لە ڕێگای گوێگرتن لەو چیرۆکانەی دەگێڕدرانەوە، هەندێک جاریش لە ڕێبواران، ئەوانەی دەچوونە نێو کاروانە پارێزراوەکان، بەتایبەتی بازرگانە جولەکەکان ئەوانەی سەرقالی بازرگانی کوتاڵ و پۆشاکبوون زۆرێک لە چیرۆک و گێڕانەوەکانی لەوان گوێبیست بووە(See: Margoliouth, 1905, P: 58_61). لێرەدا بەڕوونی تێبینی ئەوەدەکرێت لە قسەکانی ناوبراو کە ئایینی جولەکەی کردووە بە بنەما بۆ سەرچاوەی ئیسلام نەوەک ئایینی مەسیحی، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە خۆی لە بنەچەدا جولەکەیەو هاوسۆز بووە لەگەڵیان، لە هەمان کاتدا پانتایی دید و تێڕوانین و نووسینەکانی زیاتر تەرخان کردووە بۆ جولەکەکان، ئەوەش بەڕوونی دیارە کاتێک ئاماژە بەوەدەکات ئیسلام زیاتر نزیکە لە جولەکەکان نەوەک لە مەسیحییەکان، لەبەرئەوەی وا وێنای دەکات مەسیحییەکانی ئەو سەردەمە زۆر وابەستەی ئایینەکەیان نەبوون، بەڵکو لە زۆربەی کات هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدینەدەکرا لە نێوان مەسیحی و بت پەرستەکان(See: Margoliouth, 1905, p: 35_40).

لێرەدا دەکرێت باس لەوە بکرێت مارجلیوث و هاو ئاوازەکانی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە چەکەرە کردووە کەی نیشان بدەن پەیامی ئیسلام لە لایەن خوداوە نەهاتووە، بەڵکو لە هزری پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوەی گرتووە، کاتێک کرۆک و بنەماو بیرۆکەی پەیامەکەی لە جولەکە و مەسیحییەکان وەرگرتووە، بەمەش نابێتە پێغەمبەر، بەڵکو چاکسازی خوازێکی کۆمەڵایەتییە یاخود پاڵەوانێکی عەرەب، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو چەواشەکاریانەش دەکرێت چەند ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بخرێتەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ مێژوونووسانی موسڵمان بەڕوونی و ڕاشکاوانە نکۆڵی لەوەدا ناکەن، کە پێغەمبەر(د.خ) لە کاتی سەفەرەکانی بۆ شام بە یاوەری مامی و تەنانەت خۆشی بە تەنیا چاوپێکەوتن و دیدەنی ڕاهیب و پیاوانی ئایینی مەسیحی کردبێت، بەڵام نکۆڵی لەوە دەکەن بەهیچ جۆرێک بنەما و فەلسەفەی ئایینیەکەی لەوانەوە فێر بووبێت، یاخود هیچ چەشنە بیرۆکەیەکی ئایینی لەوانەوە وەرگرتبێت(بڕوانە: المسعودي، 2005، 252/1؛ ابن كثير، 1988، 2/345_349).

2_ نالۆژیکییە و تەنانەت ڕێشی تێناچێت پێغەمبەر(د.خ) لە تەمەنێکی بچووکی دوانزە ساڵیدا لەو دیمانە و چاوپێکەوتنە کورتانە لەگەڵ ئەو ڕاهیب و پیاوە ئایینیانەدا شتگەلێکی زۆر لە بارەی ئایینەوە لەوانەوە فێربووبێت.

3_ لەگەڵ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان نکۆڵی لەوە دەکەن، کە پێغەمبەر(د.خ) نەفام و نەخوێندەوار بووبێت، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە کە خوێندەواری و توانای نووسینی هەبووە، هەربۆیە سوودی وەرگرتوە لەوان (watt, 1952, p: 52)، لە بەرانبەر ئەوەدا بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەبەردەستن کە پێغەمبەر(د.خ) نەخوێندەوار بووەو لە پێشتریشدا هەرگیز هیچ جۆرە کتێبێکی نەخوێندۆتەوەو توانای نووسینی نەبووە هەروەک خوای گەورە دەفەرموویێت : [ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ]( سورة الاعراف، الاية/155)، هاوکات دەفەرموویێت: [ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنَ كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لَارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ] (سورة العنكبوت، الاية/ 48)، لەبەر ڕۆشنای ئەوەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لەو قۆناغەدا گەنجێک بەبێ ئەوەی خوێندەواری هەبێت، چۆن توانیویەتی بچێتە بنج و بنەوانی کتێبی( ئینجیل و تەورات)و بنەماکانی ئایینی خۆی لەسەر بنیات بنێت.

## 4.3_ پەرستشی بت و پەیکەرە داتاشراوەکان لە لایەن پێغەمبەر(د.خ) پێش پەیامی پێغەمبەرایەتی

یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی کە مارجلیوث هەوڵیداوە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕەواو بێ بنەما بخاتە پاڵ پێغەمبەر(د.خ) بەوەی کە وەکو تاکێکی مەککە گویگرتووە لە هەندێکی چیرۆک و بەسەرهاتی پێشینان لە جولەکەکان و لەگەڵ ئەوەش باوەڕی بە هەندێک شتی پرو پووچ و ئەفسانەی عەرەب هەبووە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ میللەتانی دیکە(Margoliouth, 1905, p: 61 )، بێجگە لەوەش، باوەڕی بە سیحرو جادوش هەبووە وەک چارەسەر بۆ ئەو نەخۆشی و ناخۆشیانەی دووچاری مرۆڤ دەبن، لەم نێوەدنەشدا بانگەشەی کردووە، کە (نوێژی ڕەبانی)، کە جۆرێکە لە نوێژی مەسیحییەکان و هاوشێوەی ئەوان بیکەن، لەبەرئەوەی چارەسەرو دەرمانە بۆ زۆرێک لە نەخۆشی و

نـاخۆشـــی، هەربۆیە داوای لە گەلەکەی کردووە ئەو جۆرە لە نوێژە لەســـەر شـــێوازی مەســـیحییەکـان ئەنجـام بدەن(Margoliouth, 1905, p:62).

هـاوکـات یەکێکی دیکە لەو بـابەتـانەی جەختی لێ کردووەتەوە ئەویش بریتییە لە بەجێگەیـانـدنی هەنـدێـک تقوس و پەرســتشــی بت و پەیکەرەکان ئەوانەی ڕەنگی داوەتەوە لە ژیانی محەمەد، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات (محەمەد و خەدیجە) بە یەکەوە هەندێک تقوســـی ئایینیان بەجێ گەیاندووە لە نێو ماڵی خۆیان بۆ یەکێک لە خواکان لە شەودا پێش ئەوەی بە یەکەوە بخەون، تەنانەت محەمەد خودی خۆی دانی بەوە ناوە، کە چەندین جار قوربانی کردووە بۆ خواوەند(العزى)، کاتێک مەڕەکانی بە دەســـتی خۆی ســـەر بڕیوە، هاوکات باس لەوە دەکات ڕۆژێکیان بانگهێشتی (زید کوری عمروە) کرد کە یەکێک بوو لە یەکتا پەرستەکان لە شاری مەککە، بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەو ســـفرە و خوانەی، کە لە گۆشـــتی قوربانی بۆ بتەکان ئامادە کرابوو، بەڵام زید ڕەتی کردەوە لەو خواردنە بخوات (Margoliouth, 1905, p: 70).

لە لایەکی دیکەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێغەمبەر(د.خ) حەزیکردووە لە بەشداریکردن لە ئاهەنگەکان و تەنانەت وەکو کەســێکی ســەرەڕۆ لە ئاهەنگی بووک گواســتەوەی یەکێک لە کوڕە مامەکانی هەڵپەڕکی کردووەو پڕ بە دەنگی هاواری دەکرد، بەمەش چێژو خۆشـــی بینیووە لە گوێگرتن لە دەنگی گۆرانیبێژە ئافرەتەکان (Margoliouth, 1905, p:70). لە ڕاســـتیدا ئەو گێڕانەوەیەش دەچێتە پاڵ ئەو تۆمەتانەی دیکەی کە خســـتوویەتیە پاڵ پێغەمبەر(د.خ) بەوەی حەزی لە ڕابواردن و هەڵپەرکی و گوێگرتن لە گۆرانی و کات بەســەر بردن بووە، بەڵام لێرەدا خودی پێغەمبەر(د.خ) خۆی ئەوەی پشــت ڕاســتکردووەتەوە بەوەی کە ئەوەی خەڵکی ســەردەمی نەفامی خواســتیان بووە لە ئافرەت و گوێگرتن لە گۆرانی، ئەوا هەرگیز ئەو حەزو ویست و خواستانەی نەبووە و وەکو گەنجێکی پێگەیشتوو دوور بووە لە هەموو چەشنە بابەتێکی ڕابوادن و هەوەســبازی، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیکدا ئاماژە بەوە دەکات، شــەوێکیان داوام لە هاوڕێ شــوانەکەم کرد بۆ ئەوەی چاوی لە مەڕەکانم بێت، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە شــاری مەککە و وەکو گەنجانی دیکە شــەو بە کەیف و خۆشــی بەســـــەر بەرم، ئیتر کاتێک نزیک بوومەوە لە یەکەم خانووی نزیک شـــــار گوێم لە دەنگی گۆرانی و دەف و زۆرنا بوو، تەنانەت پرســیارم کرد ئەوە چیە، لە بەرانبەردا پێیان ڕاگەیاندم، کە کەســێک ژنی خواســتووە و منیش ویســتم دانیشــم بەدیاریان تا سەیریان بکەم، بەڵام خوای گەورە گوێی گران کردم و خەوتم تا بەیانی تیشکی خۆر بەئاگای هێنامەوە( ابن اسحاق، 2004، 2/ 128؛ الطبري، 1997، 2/279).

لێرەدا إبن الكلبي(م: 204ک/819ز) مێژوونووس لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە. کە پێغەمبەر(د.خ) قوربانی کردووە بۆ بتەکان، بەڵام بە بێ ئەوەی ئاماژە بەســەرچاوەی زانیارییەکانی بکات، هەروەک باس لەوە دەکات کە پێمان ڕاگەینراوە ،کە ڕۆژێکیان پێغەمبەر(د.خ) گوتویەتی:((قوربانیم بۆ خواوەند( العزى) کردووە بە مەڕێکی کەڵەمووچی و وەمن لەســـــەر ئایینی گەلەکەمم))(ابن الكلبي، 2000، ص19). لێرەدا ئەو گێڕانەوەیە مایەی هەڵوێستە لەسـەر کردنەو تەنانەت لاوازو بێ بنەمایە، لەبەرئەوەی ناوی ئەو سەرچاوە و کەسانە ناهێنێت کە ڕایانگەیاندووە، لە لایەکی دیکەش، ئاماژە بە هۆکارو کات و ساتی قوربانیەکە ناکات کە بۆ چ مەبەستێک بووە، سـەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەو زانیارییە لە سـەرچاوەی تایبەت بە فەرمووده و کتێبە مێژووییەکان بەدواداچوونی بۆ کراوە لە هیچ یەکێکیان ئاماژەی پێ نەکراوە، هەربۆیە لێرەدا دەکرێت بگوترێت ڕەنگە مارجلیوث پشتی بەو جۆرە زانیارییانە بەستووەو بۆچوونەکانی خۆی لەسەریان بونیاتناوە.

دوا بەدوای هەموو ئەوانش، جەخت لەوە دەکاتەوە دوای ئەوەی خۆی بە پێغەمبەر ناساند زۆر بە توندی هێرشی کردۆتە ســـــەر بت پەرســـــتی، بەڵام وا دەردەکەوێت بەجەســـــتە دورەپەرێز نەبووە لە بتپەرســـــتی و بەڵگەش بۆ ئەوە بەردە ڕەشـــــەکەی(حجر الاســـود) ماچ کردووە، تەنانەت بۆ ناســـــاندنی خودا( الله) بەهەمان بیرۆکە و پێناســـــەی جولەکەو مەسیحییەکان ناساندویەتی، ئەوەشیان هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵەکانی (قدیس پۆلس[5]) کەباسی خوایەکی نادیاری گەورەی دەکرد و تەواوی خواوەندەکانی دیکەی ڕەت دەکردەوە (Margoliouth, 1905, p:79). لێرەشدا مارجلیوث وەک پیشەی هەمیشـــەی دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو، کە پێغەمبەر(د.خ)بۆ پەرســـتشـــی خودا ســـوودی لە بیرۆکەکانی قدیس پۆڵس

وەرگرتووە، بۆ ئەوەی وای بەدیار بخات ئایینی ئیسلام هیچ بنەمایەکی دروستی نییە، بەڵکو لە جولەکە و مەسیحییەکان وەرگیراوە.

بە گەڕانەوەوە بۆ ژینانەی پێغەمبەر(د.خ) بەڕوونی ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە ڕقی لە بت پەرستی بووەو بەردەوام خۆشی بە دوور گرتووە لە پەرستش و قوربانێکردن بۆ بتەکان، لەم نێوەندەشدا چەندین بەڵگە حاشا هەڵنەگر هەن گەواهی ئەوەدەدەن هەرگیز مەیلی بەلای پەرستشی بتەکان نەچووە، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت بتێک هەبووە قوریشییەکان زۆر بە گەورەیی لێیان دەڕوانی، تەنانەت قوربانیان بۆ کردووە و لە پەنابیدا سەریان دەتاشی، تەنانەت لە بەیانییەوە تاوەکو شەو بە دیاریدا دەمانەوە و بە دەوریدا دەسورانەوە، بەشێوەیەک ساڵانە ڕۆژێکیان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە تەرخان کردبوو تا جارێکیان( ابو طالب) مامی داوای لە پێغەمبەر(د.خ) کرد لەگەڵیدا لەو ڕێو ڕەسمە ئامادەبێت، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، ئیتر ئەو هەڵوێستەش(ابو طالب)و مامەکانی زۆر تورەکرد بەوەی کە سەرزەنشتی بکەن لە پای ئەوەی بەشداری لە هیچ مەراسیمێکی ئایینیان ناکات( ابن سعد، 1990، 1/ 125؛ ئەلمەلاح، 2018، 1/ 119).

لەلایەکی دیکەش، ئەوەی زیاتر ببووە جێگای نیگەرانی قورەیشییە بێباوەڕەکان، بابەتی هەڵوێستی نەگۆڕو دژایەتیکردنی پێغەمبەر(د.خ) بووە بۆ بت پەرستی و خواکانی قوریش، ئەوەش وای کردووە زۆر بە توندی دژی بووەستن و چەندین جار بە (ابو طالب) یان ڕاگەیاندووە کە کوڕی براکەت بێڕێزی و سوکایەتی بە خواکانمان دەکات( ابن سید الناس، 1993، 117/1؛ ابن حجر العسقلاني، 1994، 197/7)، هەموو ئەوانەش ئەو ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەخات، کە پێغەمبەر(د.خ) وەکو تاکەکانی دیکەی گەلەکەی بیروباوەڕی بت پەرستی نەبووە، هەموو کات خۆشی بەدوو گرتووە لە هەر چەشنە مەڕاسیمێکی ئایینی تایبەت بە بت پەرستەکان.

## 5.3_ خۆ کەنارگیرکردنی پێغەمبەر(د.خ) و هاتنی وەحی لە ئەشکەوتی حراء

وا نەبێت دیاردەی گۆشەگیری و خۆکەنارگیرکردن لە لایەن پێغەمبەرەوە(د.خ) داهێنرا بێت، بەڵکو ئەو نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ (عبد المطلب)ی باپیری، هەروەک باس دەکرێت یەکەم کەس بووە لە نێو گەلەکەی کە ساڵانە لە مانگی ڕەمەزان چۆتە ئەشکەوتی(حراء) و خۆی کەنارگیر کردووە، دواتر بەو پەڕی دەستکراوەی خواردنی دەدا بە هەژارو نەدارەکان، پاشان ئەو شێوازە بووە نەرێت لە نێو یەکتا پەرستەکان و لە خەلوەتگەی خۆیان نەدەهاتنە دەرەوە تاوەکو ئەو مانگە تەواو بووە( ئەلمەللاح، 2018، 121/1)، دواتر پێغەمبەر(د.خ) لەسەر هەمان ڕێچکە لە مەنگی ڕەمەزاندا چۆتە ئەشکەوتی(حراء) و تیایدا بیری کردۆتەوە لە دروستکردنی زەوی و ئاسمان لەگەڵ هەندێک پەرستشی ڕۆحی، تاوەکو فریشتە هاتە لای لە 17/ مانگی ڕەمەزان و پەیامی پێغەمبەرایەتی پێ گەیاند( إبن هشام، 1955، 236/1).

لەم نێوەندەدا مارجلیوث ئەو خۆ کەنارگیر کردنانەی پێغەمبەری(د.خ) لێکچوواندووە بە (جوزیف سمیث Joseph Smith[6])، تەنانەت هەردووکیان وەکو یەک دەبینێت، کاتێک بەراوردی سەردانە ڕێکخراوەکانی محەمەد بۆ ئەشکەوتی(حراء) بۆ گۆشەگیری و خۆ کەنارگیرکردن کردووە بە دوور کەوتنەوە و گەران و سورانەکانی جوزیف لە دارستان، دواتر هەردووکیان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە فریشتە هاتۆتە لایان (Margoliouth, 1905, p: 90).

لە ڕاستیدا ئەوە بەراوردێکی زۆر نادادپەروەرانەو بێ بنەمایە، لەبەرئەوەی هەرگیز ناکرێت و ناشێت پێغەمبەرێکی خودای گەورە کە دوواهەمینی پێغەمبەرانە بەراورد بکرێت بە کەسێکی درۆزن بەوەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە.

هەرچی پەیوەستە بە وەحی(سروش)، ئەوا بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتناسە دەمارگیرو توندڕەوەکان تا سەر ئێسقان نکۆڵی لە بابەتی هاتنی وەحی بۆ پێغەمبەر(د.خ) دەکەن، لەبەرئەوەی ئەگەر دان بە ڕاستی و دروستی بنێن وەک ئەوە وایە، دانیان بە پەیام و ڕاستی پێغەمبەرایەتی محەمەد ناوە، وەلێ ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە، زۆرێک لەو ڕۆژهەڵاتناسانە یان ئەوەتا جولەکەن یاخود مەسیحی، هەربۆیە زۆر چاک لە بابەتی هاتنی وەحی تێدەگەن بۆ مرۆڤ و بڕواو متمانەیان بە پێغەمبەرایەتی بنی إسرائیل و مەسیحییەکان هەیە، بەڵام کاتێک دێتە سەر بابەتی پێغەمبەرایەتی

محەمەد نکۆڵی و شــرۆڤەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن، بەمەش بە دوو تێڕوانینی جیاواز ســەیری بابەتەکە دەکەن، بەشێوەیەک بڕوایان بەوانەی پێشتر دەکەن، کەچی لەوەی دووەمیان خۆیان کوێرو لال دەکەن.

لەبەر ڕۆشـنای ئەمەش، ڕۆژهەڵاتناسـان وەحی بە هەڵقولای ناخی محەمەدی دادەنێن و بانگەشـەی ئەوە دەکەن، کە لە ناخی محەمەد سـەرچاوەی گرتووە و هیچ پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە نییە، ئەوەش زیاتر لەوەدا سـەرچاوەی گرتووە کە بابەتی سروش کرۆک و سەلمێنەری ڕاستی پێغەمبەرە(د.خ) (حمدان، د.ت، ص86)، بەهەمان شێوە مارجلیوث لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان ڕۆیشتووە، تەنانەت جەخت لەوە دەکات ئەو شلەژان و بارودۆخەی لە کاتی هاتنی وەحی بەسەر محەمەددا هاتووە، لە ئەنجامی ترس و دڵەراوکێ بووە و هیچی پەیوەندی بە بینینی فریشـــتەوە نەبووە، تەنانەت باس لەوەش دەکات، کە قورئانیش لە ناخی محەمەدەوە ســـەرچاوەی گرتووە و بیرۆکە و ناوەرۆکەکەشـــی لە جولەکە و مەسیحییەکان وەرگرتووە (See: Margoliouth, 1905, P: 46 _59).

ئەوەی لێرەدا شایەنی ئاماژە پێدانە، وەحی و سروش بەشێوازی جیا بۆ پێغەمبەر(د.خ) هاتووە، هەروەک خۆی لەبارەی چۆنیەتی دابەزینی ســـروشـــەوە ئاماژەی پێ کردووە، کە هەندێک جار لە شـــێوەی دەنگی زەنگێکی نادیارەوە هاتووە، ئەوەش لە هەموویان قورستر بووە لەسەرم، پاشان لێم جیابووەتەوە ( إمام مسلم، د.ت، 1816/4، رقم الحديث/ 2333)، یاخود لە شـــێوەی مرۆڤ هاتووە و پەیام و فەرمایشـــتی پێ ڕاگەیاندووە، هەروەک (عمری کوری خەتاب) بۆمان دەگێڕێتەوە، کە (جارێکیان لە لای پێغەمبەر(د.خ) دانیشتبووین، پیاوێک لێمان بەدیارکەوت بە پۆشاکێکی سپی درەوشاوە، قژی ڕەش بوو، هیچ سیمایەکی گەشتکردن پێیەوە دیار نەبوو،هیچ کام لە ئێمەش نەمان دەناسی)(إمام مسلم، د.ت، 36/1، رقم الحديث/8). هەموو ئەوانەش ئەو ڕاســـتییەمان بۆ بەدیار دەخات، کە پێغەمبەر(د.خ) نێردراوێکی ڕاســـتگۆ بووە، هەروەکو تەواوی پێغەمبەرانی بنی إسرائیل و خەونی پیاوچاکان و وەحی و سروشی بۆ هاتووە( رضا، 1985، ص94). هەربۆیە لێرەدا دەکرێت بگوترێت وەحی گوزارشـــتە لە شـــتێکی نادیار و غەیبی، تەنانەت لە ســـەروی توانا و ویســـتی زانســـتی و هزری پێغەمبەر(د.خ) بووە، لە هەمان کاتدا پەیوەســـتی و تێکهەڵکێشـــیەک لە نێوان وەحی و پێغەمبەرایەتی بەدیدەکرێت، وەک ئەوەی داننان بە یەکێکیان دانانە بەوەی دیکەشـــیان، بەمەش وەحی و نێگا یەکێکە لە تایبەتمەندرێن سالۆختەکانی پێغەمبەرایەتی.

## 6.3_ بۆچوونی مارجلیوث لە بارەی تیوری نەخۆشی گەشکەی پێغەمبەر(د.خ)

تیۆر و باوەری نەخۆشی گەشکە[7] ی پێغەمبەر(د.خ)، یەکێکە لەو بابەتانەی لە نێو ڕۆژهەڵاتناسانی سەدەکانی ناوەڕاست قســـە و باســـیان لەبارەوە کردووە، دواتر ئەو بابەتە گواســـتراوەتەوە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان، بەتایبەت نوســـەرە مەسیحییەکان ئەو بابەتەیان وروژاندووە و بەستویانەتەوە بەو نیشانانەی، کە لە پێغەمبەر(د.خ) بەرجەستە بووە لە کاتی هاتنی وەحی(نێگا)، لەوانە: بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و ئارەقەیەکی زۆر، لەرز و تای بەهێز، لەهۆشـــخۆچوون، لەگەڵ کەوتن بە چاوی داخراو و بوونی کەف لە دەوری دەم (بڕوانە: عوض، 1998، ص 28_31).

لێرەدا مارجلیوث وای نیشـــاداوە، کە دەیەوێت ئەو قۆناغەدا تێپەڕێنێت و وەکو کەســـێکی ئەکادیمی وردتر و هەروەتر بابەتیانە لە نەخۆشـییەکە بڕوانێت، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات ئەوەی بەسـەر پێغەمبەر هاتووە هیچ پەیوەندی بە سـروش نییە، بەڵکو حاڵەتێکە لە ئەنجامی ترس و دڵەراوکێ لە ڕادەبەدەر دێتە ئارا کاتێک کەسـەکە هەسـت دەکات بە ئارەقەکردن و سـەرگێژ خواردن، یان هاتنی کەف لە دەوری دەم، یاخود سـوور بوونەوە و سـپی هەڵگەرانی دەم و چاو، یاخود سـەر ئێشـــەیەکی بەهێز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە قۆناغەکانی دواتر ئەو حاڵەتانەی بەســـەریهاتووە دەکرێت ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە، کە ئەو گرژیانەی بەســـەری هاتووە لە ژێر کۆنترۆلی ئەو دانەبوون، وەکو ئەوەی لە غەزای بەدر بەسەری هات ( Margoliouth, 1905, p: 46)، کە مەبەست لێیی کاتی کەوتنی عەباکەی سەرشانیەتی لە کاتی نزاو پارانەوە بۆ سەرکەوتنی موسڵمانەکان، کاتێک پێغەمبەر(د.خ) بینی ژمارەی سوپای بێباوەڕەکان سێ هێندەی موسڵمانەکانە، ڕووی کردە قیبلە و دەستەکانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و دەستی کرد بە نزاو پارانەوە بۆ سەرخستنی موسڵمانەکان، ئیتر لە ئەنجامی بەردەوامی نزکانی عەباکەی لەسەر شانی کەوت، دواتر ( ابو بكر الصديق) هات عەباکەی

هەڵگرتەوەو خستیەوە سەر شانی( امام مسلم، د.ت، 1403/3، رقم الحديث/ 1763). بێجگە لەوەش باس لە حالەتێکی دیکە دەکات، کە بەسەر پێغەمبەر(د.خ) هاتووە، ئەویش بریتییە لە لەهۆشخۆچوون و خوێن بەربوون لە دوای بەرۆژو بوون، ئیتر ئەوەشی بە حالەتێکی ئاسایی ناوزەند کردووە، لەبەر ئەوەی هیچی کامێک لە نیشانەکانی نەخۆشی گەشکە بوونی نەبووە (Margoliouth, 1905, p: 46 ).

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، کاتێک بۆی بەدیار کەوتووە، کە هیچ جۆرە نیشانەیەکی نەخۆشی گەشکە لە پێغەمبەر(د.خ) بەدی ناکرێت، ئاماژەی دیکەی خستووەتەڕوو وەکو ئەوەی مردنی منداڵەکانی پێغەمبەر(د.خ) وەکو بەڵگە هێناوەتەوە بۆ جۆرێک لە نەخۆشبوونی پێشوەختەی محەمەد، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات، هیچ کام لە کورەکانی بۆ نەژیاوە و گشتیان لە تەمەنی منداڵی مردوون، تەنانەت کچەکانیشی هیچیان نەگەیشتوون بە تەمەنی چل ساڵی ئەوانیش مردوون، لێرەدا وای نیشانداوە ئەوە جۆرێکە لە نەخۆشی و بەشێوەی بۆماوەی لە باوکیان بۆیان بەجێماوە (Margoliouth, 1905, p: 69 ). لە ڕاستیدا لەوەشیاندا هەوڵیداوە لە ڕووی زانستی پزیشکی و بۆماوەییەوە بابەتەکە بە لاریدا ببات، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) لە ماوەی ژیانیدا خودان تەندروستییەکی باش و جەستەیەکی بەهێز بووە، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەک ئاماژە بەوە دەکرێت، کە توانیویەتی زۆرانبازی و کێبرکێ لەگەڵ ڕکانەی کوری عبد یزید( م: 42ک/662ز) بکات، کە لەوکاتەدا یەکێک بووە لە زۆرانبازە هەرە لێهاتوو بەهێزەکانی مەککە، تەنانەت توانیویەتی بەسەریشدا زاڵ بێت(ابن حجر العسقلاني، 1994، 413/2).

لە لایەکی دیکەش، مارجلیوث لە فەرهەنگی ئایین و مۆڕال، زۆر بە توندی و نا بەرپرسانە و قین لە دڵ بەرانبەر بە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی بابەتگەلێکی نووسیووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی قسەکانی پێشوی بە پیاوێکی بەهێز و پێگەیشتوو وەسفی پێغەمبەر(د.خ) کردووە کاتێک باس لەوە دەکات، دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە خەریکی سەرکردایەتی سوپاو هێرشی سەربازی بووە، لە هەمان کاتدا وەکو پیاوی ئایینی و یاسا دانەر و دادوەر خەریکی ڕاییکردن و چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هیچ کات بەرگوێمان نەکەوتووە تووشی داڕمان هاتبێت لە ژێر هیچ جۆرە پاڵەپەستۆ و گوشارێکدا، بەڵکو ئەو حاڵەتانەی لە شێوەی فشار بەسەریهاتووە تەنیا لە کاتی هاتنی وەحی بووە و کاریگەری نەبووە لەسەر چالاکییەکانی دیکەی ژیانی(Margoliouth, 1915, vol: 8, p: 874)، بەمەش نیشانەکان و فشارەکانی ئەو نەخۆشییەی بەستۆتەوە بە کاتی هاتنی وەحی و سروش بۆ ئەوەی گومان لەسەر پەیام و پێغەمبەرایەتییەکەی دروست بکات.

### 7.3_ بانگەوازی ئیسلام لە قۆناغی نهێنی

دوای گەیشتنی پەیامی ئیسلام، پێغەمبەر(د.خ) دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی بەشێوەیەکی نهێنی تەواوی هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ بانگەوازی ئەو کەسانەی بڕواو متمانەی پێیان هەبوو بەوەی ئامادەییان هەیە بۆ وەرگرتنی پەیامەکەی، بۆ ئەو مەبەستە لە خاوخێزان و کەسە هەرە نزیکەکانی خۆی دەستی پێ کرد، بەجۆرێک (خەدیجە کچی خویلد)ی هاوژینی یەکەمین کەسە باوەڕی پێ هێنا، لە دوای ئەویش هەریەکە لە(علی کوری ابو طالب)ی کوری مامی، (زید کوری حارثة) بەندەو خزمەتکاری خدیجە، لەگەڵ(ابو بکر الصدیق) ی هاوەڵ و هاوڕێگای(بروانە: ابن سعد، 1990، 15/3).

جێگای ئاماژە پێدانە، ئەم قۆناغە ماوەی سێ ساڵی خایاند، کە تیایدا ئەوانەی موسڵمان بوون ژمارەیان گەیشتە پەنجا و دوو کەس و تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای لە خۆگرتبوو، لە پیاو و ئافرەت، ئازاد و کویلە، بازرگان و کەسانی ئاسایی، سەرەرای ئەوەش بەشی هەرەزۆریان لە کرۆکی تیرە و هۆزە دیار و ڕەسەنەکانی قورەیش بوون( بروانە: إبن اسحاق، 2004، 182/1 و مابعدها؛ ئەلمەللاح، 2018، 145/1).

ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامانە، مارجلیوث بەجۆرێک لەبارەی ئەو قۆناغە دەدوێت، وەکو ئەوە وایە باس لە کۆمەڵەو حیزب و ڕێکخستنی نهێنی ئێستا بکات، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات محەمەد خۆی کردبووە گەورە و ڕێبەری کۆمەڵەیەکی

نهێنی و توانینی خەڵکانێکی زۆر بەلای خۆیدا ڕابکێشـــێت و خۆیان لێ نزیک بکاتەوە لە ڕێگای بانگەواز و ڕێنمایی و ئامۆژگاری و وتاردان(See: Margoliouth, 1905, p: 83 _95 ).

بێجگە لەوەش، لە شـــوێنێکی دیکەدا ئاماژەی وا دەخاتە ڕوو، وەک ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) بەوەی کە تەماح و بەڵێنی جۆراوجۆری دابێت بە بەرانبەرەکانی، بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بهێنن و موســـڵمان بن، ئەوەش لە میانەی گێرانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات، پێغەمبەر(د.خ) ( رقیە)ی کچی وەکو داوە بە (عوســـمان کوری عفان) لە بەرانبەر موســـڵمان بوونی، ئەبو بکریش وەک نێوەنگیر بووە بۆ هێنانەکایەی ئەو مامەڵە و هاوســـەرگیرییە ( Margoliouth, 1905, p: 97 )، سەرەڕای ئەوەش، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوانەی لە سەرەتاکانی قۆناغی نهێنی موسڵمان بوون کەسانی هەژار و نەدار و کویلە و بێ پشت و پەنا بوون. بەشی هەرە زۆریان بۆ دەستکەوتی ماددی موسڵمان بوون لە ڕێگای هەڵخەلەتاندن و فریودان و ڕەشوە (Margoliouth, 1905, p: 114). لێرەدا ئەو قسە و باسانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشوویەتی، لەبەرئەوەی ئەوانەی موسڵمان بوون لەم قۆناغەدا تەنیا کەسانی هەژار و نەدار و کویلە و بێ پشت و پەناکان نەبوون، بەڵکو بەشێکیان کەسانی دیار و بازرگان و دەوڵەمەند و کەسایەتییە هەرە دیارەکانی نێو تیرە و هۆزە ڕەسەنەکانی نێو کۆمەڵگای مەککە بوون.

## 8.3_ کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ حەبەشە

بەگشـتی دوای ڕاگەیاندنی بانگەشــەی ئاشـکرا، موسـڵمانەکان کەوتنە قۆناغێکی نوێی، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا تووشــی ئەشـکەنجە و ئازار و نارەحەتیەکی زۆر توند بوونەتەوە لە دەسـتبەسـەرکردن تا ڕادەی کوشـتن، لە بەرانبەر ئەوەشـدا هەندێکیان ئارامیان گرت و ســوور بوون لەســەر باوەڕی پتەوەی خۆیان بە ئایینەکەیان، هەربۆیە لێرەدا موســڵمانەکان کەوتنە نێوان دوو بژاردە، یان ئەوەتا لە ترس و دڵەڕاوکی و هەســتکردن بە دۆراندا بژین، یاخود نکۆڵیکردن لە ئیســلام بەردەوامبوون لەســەر ئایینی باوباپیرانیان، لێرەدا کاتێک پێغەمبەر(د.خ) بینی هەوەڵانی تووشــی ئەشــکەنجە و ئازار و ســـتەمێکی زۆر بونەتەوە لە لایەن بێباوەڕەکان و ناتوانێت وەکو پێویســـت پارێزگاریان لێ بکات، فەرمانی پێکردن کۆچ بکەن بۆ حەبەشـە، لەبەرئەوەی پادشـایەکی دادپەروەری لێیە بە ناوی(نەجاشـی) هیچ کەسـێک لە ژێر سـایەی دەسـەڵاتی ئەودا ستەمی لێ ناکرێت، تەنانەت داوای لێ کردن لەوێدا بمێنەوە، تاوەکو خوای دەرگایەکی بەخێریان لێ دەکاتەوە و لە دۆخە دژوارو سەختە ڕزگاریان دەبێت( بڕوانە: إبن هشام، 1955، 1/ 319_322).

لەبەر ڕۆشـنایی ئەمەش دەکرێت باس لەوە بکرێت یەکەمین کۆچی موســڵمانان لەو قۆناغەدا بۆ چەند ئامانج و مەرامێک بووە، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێتە ڕوو:

1_ ئامانجی ســـەرەکی ئەو کۆچە بریتی بووە لە پاراســتنی موســڵمانەکان لە چەوســاندنەوە و ئەشــکەنجە و ســتەمی بێباوەڕەکان تا ڕادەی کوشتن، نەوەک ناچار بە پاشگەزبوونەوەیان بکەن لە بیروباوەڕی نوێیان.

2_ دۆزینەوەی پێگەیەکی ئارام بۆ موســـڵمانەکان بۆ ئەوەی لەوێدا بە ئازادی و ئارامی بژین، لەو کاتەشـــدا حەبەشـــە گونجاوترین جێگا بووە، لەبەر بووونی پادشایەکی دادپەروەری وەک نەجاشی.

لەم چوارچێوەیەدا مارجلیوث تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی پێغەمبەر(د.خ) لەو کۆچەدا بۆ ئەوەبوو پاڵپشـتی سـەربازی بەدەسـت بهێنێت بۆ ئەوەی دەسـت بەسـەر شـاری مەککەدا بگرێت، بگرە لەوەش زیاتر، نوێنەرانی محەمەد داوایان لە (نەجاشی) کردووە بەشدار بێت لە قەلاچۆکردن و لەناوبردنی بێباوەڕو بتپەرستەکان( See: Margoliouth, 1905, p:157_161 ). لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە هەرگیز پشت ئەستور نیە بەهیچ بەڵگەیەکی مێژوویی، بەڵکو تەنیا لە هزری ناوبراو چەکەرەی کردووە، لەبەرئەوەی ڕوونە ئەگەر پێغەمبەر(د.خ) نیازێکی لەوجۆرەی هەبوایە پێویستی بە کۆچکردنی بەکۆمەڵ نەدەکرد و ژیانیان بخاتە مەترسییەوە، بەڵکو تەنیا چەند کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆی ڕادەسپارت وەکو نێردراو بۆ داواکارییەکی لەوجۆرە.

بێجگە لەوەش، لە شـوێنێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات جۆرێک لە ناکۆکی و ڕاو بۆچوونی جیاواز دروسـت بوو لە نێو موسـڵمانەکان، گرووپێکیان بە سـەرکردایەتی (ابو بکر الصـدیق)، ئەوەی دیکەشـیان بە سـەرۆکایەتی (عوسـمانی کوری

مضـــعون لەگەڵ خالید کوری ســـەعید)، بەوەش دەیەوێت وا نیشـــان بدات ئەو کۆچە بە فەرمانی پێغەمبەر(د.خ) نەبووە، بەڵکو بیرۆکەی خودی خۆیان بووە، لە بەرانبەر ئەوەشـــــدا بۆچوونی پێغەمبەر(د.خ) دەکات بە ئەگەر کاتێک باس لەوە دەکات ڕەنگە دوای بینینی ئەو ناکۆکی و ململانێیەی کەوتووەتە نێو موســـڵمانەکان فەرمانی کردووە کۆچ بکەن بۆ حەبەشـــە(Margoliouth, 1905, p: 157_158). لە ڕاســـتیدا هیچ کامێک لە ســـەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە دابەشبوون و ڕاوبۆچوونی جیاواز ناکەن لە ڕیزی موسڵمانەکان، بۆ ئەوەی لەکاتە دژوار و چارەنوسازە موسڵمانەکان پەرتەوازە بکەن، بەڵکو ئەوەی زیاتر بیریان لێ دەکردەوە بریتی بووە لەوەی بە چ ڕێگایەک موســـڵمانەکان بپارێزن و ڕزگاریان بکەن لەو بارودۆخە سەختە.

## 4. پەرەسەندنەکانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) لە شاری مەدینە

### 1.4_ دەستوری مەدینە

دوای کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) بۆ شاری مەدینە کەوتەخۆ بۆ هێنانەکایەکی کەشێکی لەبار و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان تەواوی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئایینیە جیاوازەکانی شارەکە، بۆ ئەوەی ڕێزو خۆشەویستیان هەبێت بۆ ئەو خاک و نیشتیمانەی تێدا دەژین. هاوکات ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە دژی ئەو دوژمنانەی چاوی تێ دەبڕن، بۆ ئەو مەبەسـتە هەڵسا بە بانگهێشـتکردن و بڵاوکردنەوەی نوسـراوێک وەک دەسـتوری ئێسـتا وایە، گوزارشت بووە لە ڕێکخسـتنی پەیوەندییە گشـتییەکانی تەواوی پێکهاتەکانی شـاری مەدینە، کە زیاتر خۆی دەبینیەوە لە ڕێکخسـتنە سـیاســـی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لە نێوان تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی دانیشـــتوانی شـــارەکەو پێکهاتووە لە زیاتر لە چل و حەوت برگە، کە تیایدا نزیکەی بیســـت و ســـێ برگەی ڕاســـتەوخۆ تایبەتە بە موســـڵمانە کۆچکردووەکان و دانیشـــتوانی مەدینە، لە بەرانبەر ئەوەدا بیســـــت و چوار برگەی تـایبەتکراوە بە ئەرک و مـاف و جیاوکەکانی جولەکە لە شـــارەکە (بۆ پتر زانیاری لەبارەی وردەکاری و تەواوی بابەتەکانی لاپەرەو نوسـراوەکە بڕوانە: ابن هشام، 1955، 1/501_404؛ حمید الله، 1987، ص59_62؛ درادکة، 1992، ص 263 و ما بعدها).

بە وردبوونەوە و تێڕامان لە بابەت و برگەکانی ئەو دەســـتورە بۆ ئەو ســـــەردەمە، دەکرێت باس لەوە بکرێت، کە چەند بنەمایەکی گرنگ و جێگیری پێکەوە ژیانی ئاشـــتیانەی نێوان پێکهاتەکانی شـــــارەکەی تێدا چەســـپا، وەک زامنکردن و چەســـپاندنی بنەمای ئازادی ئایینی، یەکســـانی و دادپەروەری، دیاریکردنی ئەرک و ماف، لەگەڵ چەســـپاندنی بنەمای سەربەخۆی ئابووری بەوەی کە جولەکەکان خەرجی و داهات خۆیان لەدەست خۆیانە، موسڵمانەکانیش خەرجی خۆیان لەسەر شانی خۆیانە.

لەم نێوەندەدا مارجلیوث نکۆلی لە ڕاسـتی و دروسـتی ئەو دەسـتورو نوسـراوە ناکات، بەڵکو لە گرنگی و بایەخی کەم دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکات، وەکو بەڵێن و پەیمانێک هێزێکی یاســـای هەبووە لە کاتی هەڵە و کەموکوری مرۆڤەکان بۆی گەڕاونەتەوە، لە لایەکی دیکەش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو لاپەرە نوســـراوە داهێنراوی محەمەد خۆیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە ســروشــە نییە بەوەی لەلایەن خوای گەورە بۆی هاتبێت(Margoliouth, 1905, p:227 )، ڕاســتە لە ڕێگای ســروشــەوە بۆی نەهاتووە، بەڵام شـێوازی نوسـینەکەی گونجاو بووە لەگەڵ سـروشـتی ئەو سـەردەمە و تەواوی ئەرک و مافەکانی تەواوی پێکهاتەکانی تێدا جێگیرکراوە بە بێ جیاوازی.

بێجگە لەوەش دان بەوەدا دەنێت کە ئامانجی ئەو دەسـتورە بۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شـاری مەدینەیە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە هەوڵ و کۆشـشـی هاوبەش لە هەمبەر پاراسـتنی شـارەکە(Margoliouth, 1905, p:228).

### 2.4_ بیروبۆچوونی لەبارەی شەڕو غەزەواتەکانی پێغەمبەر(د.خ)

بەگشـــتی ڕۆژهەڵاتناســـان بە چاوێکی نەرێنی و شـــرۆڤەی ماددی و پاڵنەری ئابووری دەڕوانە ســـریە و غەزەواتەکانی پێغەمبەر(د.خ) و پرۆســـەی فتوحات، ئامانجی ســـەرەکی لەو هەنگاوەش بریتی بووە لە تاڵانی و بڕۆی و دەســکەوت، لەم

نێوەندەشدا باس لەوە دەکرێت، دوای چەند مانگێک لە گەیشتنی پێغەمبەر(د.خ) بۆ مەدینە، دەستیکرد بە بەهێزکردنی سوپا و هێزی چەکدار، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵسا بە پێکهێنانی چەند سریەیەک لەسەر شێوازی کۆمەڵگای بت پەرستی کە ئامانج لێی بریتی بووە لە تاڵانی و برۆی بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییە خۆراکییەکان بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانی مەدینە دوای کۆچکردنی موسڵمانەکان(گابریلی، 2011، ص154).

مارجلیوث هەمان بۆچوونی هەیە و ئاماژە بەوە دەکات پاش کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) بۆ مەدینە شەش ساڵی گوزەراند بە جەنگ و دەست بەسەرداگرتن و تاڵانی و برۆی(Margoliouth, 1905, p: 362)، هەموو ئەوانەش بە زەبرو زەنگ و خوێنڕشتن، کاتێک باس لەوە دەکات توندوتیژی کلیل و نهێنی سەرکەوتنەکانی محەمەد بووە بە شمشێرو کوشتن و برین، تەنانەت لایەنی ئابوری و خەزێنەکەی وەستا بوو لەسەر تاڵانی و برۆیی( Margoliouth, 1915, vol: 8, p: 873)، بەڵگەشی بۆ ئەو وتانەی لەوەدا سەرچاوەی گرتووە پاش کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە گوزەرانیان خراپ بووە، هەربۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بژێوی ژیانیان شوێن و پێگەی شاری مەدینەیان بە هەل زانی بۆ تاڵانی و دەسکەوت، کاتێک هەڵسان بە پێکهێنانی سرییەی سەربازی بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە هێرش بکەنە سەر کاروانە

لە ڕاستیدا قسەکانی ناڕەوا و بێ بنەمان، لەبەرئەوەی موسڵمانەکان هەرگیز دەستپێشخەر نەبوونە بۆ جەنگ و خوێنڕشتن، بەڵکو دوای زوڵم و ستەمی بەردەوامی قوریشیە بێباوەڕەکان و دەست گرتن بەسەر موڵک و ماڵی موسڵمانەکان، ئینجا خوای گەورە ئیزن و ڕێگای پێدان بۆ جەنگ و بەرگری کردن لە خۆیان هەروەک دەفەرموێت: [أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (39) الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (40)] (سورة الحج، الاية/ 39_40).

لێرەدا فەرمایشتەکانی خوای گەورە لەبارەی خۆبەختکردن لە پێناوی خودا، دوای کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ)و هاوەڵانی بۆ مەدینە دابەزین، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەی موسڵمانەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا فەرمانڕەوایەتی خۆیان دەکرد، بەو پێیەش شەڕەکردن گوزارشت بووە بەرگریکردن لە عەقیدە و پاراستنی وڵات لە هێرشی دوژمنان و بێباوەڕەکان( ابن سعد، 1990، 54/2).

جگە لەوەش، جەنگ و غەزەواتەکانی پێغەمبەر(د.خ) بەستراوەتەوە بە مەیلی پێغەمبەر(د.خ) بۆ دەسەڵات و فراوانخوازی و خۆسەپێنی، هەروەک باس لەوە دەکرێت ئامانجی لە شەڕو غەزەواتەکان بریتی بووە لە بونیاتنانی ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی و هەوڵی فراوانخوازی بە ئاراستەی ناوچەکانی باکور( وات، د.ت، ص97)، لەم نێوەندەش مارجلیوث ئاماژە بەوە دەکات ئایین و پەیامی پێغەمبەرایەتیەکەی بەکارهێناوە بۆ هێنانەدی ئامانجە دونیای و کەسییەکەی، هەروەک جەخت لەوە دەکات ئامانجی سەرەکی لە جەنگ و غەزەواتەکانی لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە ببێت بە مەلیک و دەست بگرێت بەسەر دەسەڵات، بۆ وەدیهێنانی ئەمەش لە سەرەتادا ئامانجی سیاسی هەبووە بۆ ئەوەی تەواوی دورگەی عەرەبی یەکبخات لە ڕێگەی ئایینە تایبەتەکەی و خۆشی بکات بە دەسەڵاتداری ڕەها لە ناوچەکە( see: Margoliouth, 1905, P: 59, 185 )، لە ڕاستیدا ئەوانەش تۆمەتی بێبنەمان، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی پێغەمبەری خوا لە جیهاد بریتی بووە لە خەرجکردنی زۆرترین کۆشش لە شەڕی دوژمناندا، تەنانەت بە ڕوون و ڕاشکاوی ئەوەی بۆ موسڵمانەکان شیکردووەتەوە، کە جیهاد لە پێناوی خودا، لەگەڵ شەڕو شۆڕەکانی سەردەمی نەفامی لە پێناو تاڵان و برۆی و گەورەکردنی دەسەڵات تەواو لە یەکتر جیاوازن، بەجۆرێک ئەو شەڕەی لە پێناوی بەرزکردنەوەی وشەی (الله) بکرێت، ئەوا باشترین و چاکترین شەڕە لە پێناوی خودای گەورە( النسائي, 2001، 284/4، رقم الحديث/ 4329).

ئەوە لە کاتێکدا ناردنی نامەی موسڵمان بوون و ڕێگای ڕاست بۆ ئیمپراتۆرو پادشاکانی جیهان بە جۆرێک لە داگیرکردنی جیهان وێنا کردووە، تەنانەت بۆ وەدیهێنانی ئەو ڕاستییەش، حەزو چاوتێبرین و حەماسەتی محەمەدی لێکچوواندوە بە دیکتاتۆرەکانی نوێی وەک ناپلیون و ئەسکەندەر بۆ داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی جیهان( Margoliouth, 1905, p: 363_364 ). لە ڕاستیدا لێکچواندنی کەسێتی پێغەمبەر(د.خ) بە دیکتاتۆرو خوێنڕێژانە ئێجگار ناداپەروەرانەیە، لەبەرئەوەی لە بنەچەدا ناردنی پێغەمبەر وەکو پەیامبەرێک بۆ ئەو نەبوو وەکو ملهورو دەسەڵەتدارە بێبەزەییەکان خۆی

بســەپێنی لە ڕێگای زەبرو زەنگ، بەڵکو بۆ ئەوەهات و برایەتی و دادپەروەری و پێکەوە ژیانی ئاشــتیانە بێنێتە ئارا وەکو نێردراوێکی بە سۆزو بە زەیی و میهرەبان بۆ جیهان، هەروەک خوای گەورە دەفەرمووێت :[ وَمَا أَرْسَلْنَاك إِلَّا رَحْمَة لِلْعَالمين] (سورة الانبياء، الاية/ 107).

## 3.4_ هەڵوێستی پێغەمبەر(د.خ) بەرانبەر جولەکەکان

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا، بە پێی دەستوری مەدینە جولەکەکان وەکو دانیشتوانی دیکەی شارەکە تەواوی مافەکانیان دانپێدانراو چەسپا، لە هەمان کاتدا پێغەمبەر(د.خ) لە سۆنگەی بەرپرسیاریەتی ئایینی خوازیاری پێکەژیانێکی ئاشتیانەبوو لەگەڵیان لەسەر بنەمای تەواوی ئەرک و مافانەی بۆیان دیاریکرابوو، تەنانەت ڕۆژهەلاتناسان خۆشیان دان بەو ڕاستییە دەنێن لە دوای هاتنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە زۆرێک لە پەرستشە ئایینیەکانیان هاوشێوەی ئەوان بووە وەک ڕووکردنە قودس لە نوێژدا، بەرۆژوبوونی عاشـــورا، حەلالکردنی هاوســـەرگیری لەگەڵیان، لەگەڵ بەرقرارکردنی یەکســانی و دادپەروری و پێدانی ئازادی ئایینی، هەموو ئەوانەش وەک ڕازیکردنی دڵی جولەکەکان لێکدانەوەی بۆ دەکرا، بەلام لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوان بەڕێگای گاڵتەپێکردن و بێڕێزکردن وەلامیان دایەوە( ارنولد، 1970، ص47؛ بروکلمان، 1968، ص46).

جێگای ئاماژە پێدانە، ســەرەتای ناکۆکی نێوان موســڵمان و جولەکەکان لە گفتوگۆی ئایینی ســەریهەڵدا، کاتێک ئەحبارو پیاوانی ئایینی جولەکە پرسیاری جۆراوجۆریان ئاراستەی پێغەمبەر(د.خ) دەکرد بۆ ئەوەی گومان بخەنەسەر ڕاستی و دروستی پەیامەکەی، تەنانەت ئەو ناکۆکی و ململانێیانە گەیشتە ئاستی ئەوەی بە ئاشکرا لە شەقامەکانی مەدینە بینراوە چۆن هەردوولا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە( ابن هشام, 1955، 211/1؛ ولفنسون، 1927، ص123_124)، سەرەڕای ئەوەش دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام، بەتایبەتی بێباوەرە قورەیشیەکان لە ڕێگای سیخوریکردن و کاری هاوبەش بۆ لەناوبردنی موسڵمانەکان(درادکة، 1992، ص298). دواجار هەموو ئەوانە سەریکێشا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی و وەدەرنانی جولەکەکان لە شاری مەدینە.

بەوپێیەی مارجلیوث هاوســـۆزبووە لەگەڵ جولەکەکان، هەربۆیە لێرەدا زۆرترین ناهەقی و زێدەڕۆی و تۆمەت و بەلارێدابردن بەرانبەر بە پێغەمبەر(د.خ) دەکات، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە سەوداو مامەڵەو هەڵوێستی بەرانبەر بە جولەکاکان، بەجۆرێک لە هەرشـــوێنێک بۆی گونجابێت کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕەوای خســـتۆتە پاڵی، وەک ئەوەی بە کەسێکی خوێنڕێژو خۆسەپێن وێنای کردووە، هەروەک ئاماژە بەوەدەکات توندوتیژی کلیکی سەرکەوتنەکانی بووە لە ڕێگای شمشێرو کاری تیرۆرو کوشتن و برینی بەکۆمەڵ، تەنانەت وەکو خۆسەپێنێک بووە لە شاری مەدینە لە شێوەی گەورەی دزەکان، لەبەرئەوەی ئابورییەکەی وەستا بوو لەسەر دزی و تالانی و دابەشکردنی لەسەر بنەمای داپەروەری شانۆگەۆیانە بۆ ڕازیکردنی شوێنکەوتوانی( Margoliouth, 1915, vol:8, p:878).

بێجگەلەوەش، هۆکاری ئابوری و وەدەستخستنی پێداویستییەکان ژیان بە یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانە دیاریدەکات بۆ هێرشکردنە سەر جولەکەکان، کاتێک ئاماژە بەوەدەکات دوای هاتنی کۆچکردووەکان بۆ مەدینە کاریگەری زۆری هەبوو لەســەر ڕێژەی دانیشتوان و موسڵمانەکان ئیرەیان بە جولەکە زەنگین و دەوڵەمەندەکان دەبرد، هەربۆیە ویستیان لە ڕێگای دەستبردن بۆ موڵک و سەروەت و سامانی جولەکەکان ئاستی بژێوی ژیانی خۆیان بەەرزبکەنەوە( Margoliouth, 1905, p:237).

دواتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) لە ڕێگای کردارو گۆڕانکاریەکانی ویستی هەست و سۆزی جولەکەکان بریندار بکات، لەوانە بەڕۆژوبوونی مانگی ڕەمەزان، گۆڕینی ڕووگەی موسڵمانان لە قودسەوە بۆ کەعبە، جەژنی ڕەمەزان وەکو جێگرەوەی جەژنەکانی ســەردەمی بت پەرستی، بە پیرۆزکردنی پەرستش و خواپەرستی ڕۆژی هەینی، لەبەر ئەوەی مەسیحییەکان ڕۆژی شەممەیان دیاریکردبوو، هەربۆیە ناچار بووە ڕۆژێک پێشتر دابنێت ( Margoliouth, 1905, p:248).

دوابەدوای ئەوەش وا نیشـــان دەدات کردەوەکانی پێغەمبەر(د.خ) تێکرا دژیەتی جولەکەکانی پێوە دیاربوو، ئەوەش بووە هۆکاری پێکدادانی لەگەڵ جولەکەکان کەمەبەسـتی هەرسـێ هۆزی جولەکەی نیشـتەجێی مەدینەیە (بني قينقاغ و بني النضير و بني قريظة).

لەبارەی ململانێی لەگەڵ بنی قینقتاع، ئاماژە بە چیرۆکێک دەکات لە میانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوەدەکات لە دوای سەرکەوتنی موسڵمانەکان لە شەڕی بەدر(2ک/623ز)، دەستکەوتەکانی دابەشکراو دوو وشتر بووە بەشی علی کوری ئەبو تالیب و لەوکاتەدا بەپەرۆشیەوە بەدوای پارەدا دەگەرا بۆ ئەوەی تێچووی مارەبرینی (فاتیمە)ی کچی پێغەمبەر(د.خ) پێ دەستەبەر بکات، هەربۆیە ویستی ئەو وشتارانە لە گواستنەوەی بازرگانی بەگەر بخات لەگەل بازرگانەکانی بنی قینقتاع، ئەوەبوو وشـترەکانی لەسـەر ڕێگا بوون بۆ ئەوەی کەلوپەلیان لێ باربکرێت، ئیتر لەوکاتەدا حمزەی پاڵەوانی شـەڕی بەدر هات و وشـترەکانی برد، پاشـان سـەریبرێن و کردی بە خوانی ڕازاوە بۆ هاوڕێکانی، کاتێک علی ئەو دیمەنانەی بینی زۆر نیگەران بوو بەوەی بازرگانی و خوازبێنیەکەی تێکچوو، دەستبەجێ چووە لای محەمەد و گازاندەی لە مامی کرد، کاتێک محەمەد هاتەی لای مامی بینی لە مەیخانەکان سەرخۆشە بەهۆی خواردنەوەی مەی، لە هەمان کاتدا کاتێک جولەکان هاتن بۆ ئەوەی بار لە وشترەکان بارکەن، لێرەدا بەتەنزە ئاماژە بەوەدەکات بینیان (حمزە) سەرخۆشەو (علی9 تورەیەو وێرانبووە، محەمەدیش پەسـت و نێگەرانە، دواتر بۆ پەردەپۆشـکردنی ئەو ئابروچوونەو وەبۆ ئەوەی هاوسـەرگیریەکەی (علی) بە ئەنجام بگات باشـترین ڕێگا هێرشـکردن بوو بۆ سـەر دوکان و کۆگاکانی جولەکەکان بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانەکانی علی بکرێتەوە (See: Margoliouth, 1905, p: 281_282) ، لەبەرئەوەی هۆزی بنی قینقاع یەکێک بوون لە هۆزە دەوڵەمەندەکان و خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆربوون لە زێرو زیو، سەرەڕای ئەوەش ڕێژەیان هێندە زۆر نەبوون دەتوانرا بە ئاسانی بەسەریاندا سەربکەوێت(ولفنسون، 1927، ص128).

لە بەرانبەر ئەوەدا سەرچاوە مێژووییەکان بۆچونی دیکەیان هەیە و لەسەر ئەوە هاوڕان، کە جولەکانی بنی قینقاع یەکەم لایەن بوون پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر(د.خ) شکاندو بەردەوامبوون لە دژیەتیکردنی خۆی و هاوەڵانی، تەنانەت بەردەوام ئەوەیان پێ ڕادەگەیاند کە لە خۆبای نەبێت بەسەرکەوتنی لە شەری بەدر کاتێک بەسەر گەلەکەی خۆێ بەدەستتهێناوە، لەبەرئەوەی ئەوانە ناکارامەو شارەزای جەنگ نەبوون، تەنانەت بەڕوویدا وەستان و وایان نیشاندا ئەگەر لەگەڵیان شەڕ بکات نیشانی دەدەن کە ئەوان شەڕکەری ڕاستەقینەن( بڕوانە: ابن هشام، 1955، 47/2؛ الطبري، 1997، 479/2).

ئەوەی لێرەدا زیاتر بە یەکدادانەکەی خێراتر کرد بریتی بوو لە ژنە عەرەبێک، کاتێک شـمەکی هێنابووە بازاڕی بنی قینقاع و فرۆشتی، پاشان لە لای پیشەوەرێکی زێرینگەر دانیشت، ئیتر چەند جولەکەیەک داوایان لیکرد دەموچاوی دەربخات، ئەویش ڕازی نەبوو، لە بەرانبەردا زێرنگرەکە دەسـتی بۆ بردو بەشـێک لە عەورەتی بەدیارکەوت، ئامادەبوانیش پێیی پێکەنین ئەوەیش دەسـتی بە هات و هاوارکرد، دواتر پیاوێکی موسـڵمان پەلاماری زێرینگرەکەیدا و کوشـتی و جولەکەکانیش هەڵیان کوتایە سەر موسڵمانەکەو کوشتیان(ابن هشام،1955، 48/2).

دوا بەدوای ئەو ڕووداوە جولەکەکان خۆیان لە سەنگەرو قەڵاکانیان قایم کردو ئامادەییان نیشاندا بۆ شەڕ، لە بەرانبەردا پێغەمبەر(د.خ) هێزی نارده سەریان لە قەڵاکانیان گەماۆردران، دوای پانزە ڕۆژ لە ئابلوقەدانیان ناچار بە خۆبەدەستەودان و ملکەچبوون کران بۆ بریارەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەوەی لە ماوەی سـێ ڕۆژدا شـارەکە جێبهێڵن( الواقدي، 1989، 177/1).

هەرچی پەیوەستە بە ڕووداو پێشهاتەکانی شەڕو وەدەرنانی بنی النضیر لە شاری مەدینە دوای ئەوەی هەوڵی کوشتنی پێغەمبەریاندا، ئەوا مارجلیوث گومان و نکۆڵی دەخاتەسەر ئەوەی کە جولەکەکان پلانی کوشتنی محەمەدیان هەبووبێت، بەڵگەشـی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە لە هیچ گێڕانەوەیەکی جولەکان ئاماژە بۆ ئەوەنەکراوە، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە لە خەیاڵی محەمەد گەلالە بووە کە جولەکان هەموو کات دەیانەوێت بیکوژن، ئەو بیرۆکەیە بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو وەتەیەی کە دەگوترێت (جولەکەکان بکوژی پێغەمبەرانن)، ئەوەش تۆمەتی دامەزراوە مەسـیحییەکانە ( Margoliouth, 1905, p:314)، لە هەمان کاتدا یەکێک لە مێژوونوسـانی جولەکەش نکۆڵی لەوە دەکات ئەگەر نیازی کوشـتنی پێغەمبەریان هەبوویە بە ئاسـانی دەیانتوانی بیکوژن، لەبەرئەوەی لەوکاتەی هاتەلایان ژمارەیەکی کەم لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوو(

ولفنســـــون، 1927، ص137)، له لایەکی دیکەش یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناســـــان ئـامـاژە بۆ ئەوەدەکـات محەمەد بۆ قەرەبووکردنەوەی شـکسـتە گەورەکەی شـەڕی ئوحد(3ک/324ز) و گێڕانەوەی سـەرەوریە سـەربازیەکانی ڕابردوو، بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر بنی النضیر(بروكلمان، 1968، ص52).

دوای ئاشکرابوونی پیلانگێڕی و ناپاکیەکانی جولەکە، پێغەمبەر(د.خ) بڕیاردا لە شاری مەدینە دەریان بکات، لە بەرانبەردا ئەوان ئامادەنەبوون لە شارەکە بچنە دەرەوە، هەربۆیە لە ساڵی (4ک/625ز) هێزی ناردو لە ناو قەڵاکانیان گەمارۆ دران، دواتر ناچاربوون خۆیاندا بە دەســتەوە و شــارەکەیان بەجێهێشــت( الواقدي، 1989، 1/363_374؛ ئەلمەللاح، 2018، 54/2).

دواتر دێتەسەر باسی ئەوەی کاتێک فەرمانی دەرکردنیان دەرچوو لە شاری مەدینە، (عبدالله کوری ابی کوری ابی سلول) ئـامۆژگـاریکردن لە قەڵاکـانیـان خۆیـان قـایم بکەن خۆی و جولەکـانی بنی قریظـة ئـامـادەن هـاوکـاریـان بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانەکان، بەڵام جولەکانی بنی قریظة ئامادە نەبوون یارمەتیان بدەن، هەربۆیە لێرەدا مارجلیوث ئەو هەڵوێســتەی ئەوانی بە ترســنۆکانە ناوبردووە، تەنانەت کاتێک ئەوانیش ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس بوونەوە لە وەدەرنانیان لە شاری مەدینە وای کردووە هاوسۆز نەبێت لە گەڵیان(Margoliouth, 1905, p:312_325).

ســـەبارەت بە جولەکانی بنی قریظة، ئاماژە بەوە دەکات پێغەمبەر(د.خ) زۆر بێبەزەییانە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا کردوون، بە جۆرێک ڕوو چووبوو لە دەســـت درێژی و کوشـــتن و ڕشـــتنی خوێنی بە ناهەق بەرانبەر ئەوانەی موســـڵمانەکان نەدەبوون، لێرەدا پەرۆشـــی محەمەدی لێکچوواندووە بە پەرۆشـــی ئەســـکەندەری مەقدنونی و ناپلیون لە داگیرکردن و خوێن ڕشـتن(Margoliouth, 1905, p;363)، کاتێک ئاماژە بەوەدەکات پێغەمبەر(د.خ) شـەش سـەد(600) پیاوو ژن و منداڵی جولەکەی بني قریظةی لە یەک ڕۆژدا کوشتووەو تەواوی ماڵ و موڵکەکانیشی تالان و وێرانکرد( Margoliouth, 1905, p:367). لێرەدا ئەو ژمارەیە زێدەڕۆیەکی زۆری تێدا هەیە و ئاماژە بەوە دەکرێت ئەوانەی حوکمی کوشـــتنیان بەســـەردا ســـەپێنرا ژمارەیان چل پیاو بوو(بڕوانە: ابن ســلام، 1989، ص193، هامش/3)، بێجگە لەوەش مێژوونوس و توێژەران هەرگیز لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرە نین و باس لە کوشـــتنی ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەو ژمارەیە دەکەن کە ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە، سـەرەڕای ئەوەش باس لەوەدەکرێت ئەوانەی بڕیاری کوشـتنیان بەسـەردا سـەپێنرا تەنیا گەورە و سـەرکردەکانی بني قریظة بوون کە ژمارەیان لە نێوان شانزە بۆ حەڤدە پیاو بووە، لەگەڵ هەندێک لەوانەی لە پێکدادان و ڕووبەڕووبونەکان کوژران (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الواقدي، 1989، 2/498–512؛ الجمیل، 2002، ص245_246).

بەم شـێوەیە دوای شـکسـتی گەمارۆدانی مەدینەو پاشـەکشـەی قوریشـیە بێباوەڕەکان و هاوپەیمانەکانی، دەسـت بەجێ موسـڵمانەکان لە سـاڵی (5ک/626ز) کەوتنەخۆ بۆ گەمارۆدانی قەڵای جولەکانی بنی قریظة و بۆ ماوەی بیسـت و پێنج ڕۆژ ئابلوقەیەکی ســـەختیان خســـتنەســـەر، لە بەرانبەر ئەوەدا جولەکان دوای ئەوەی شـــپرزە بوون نەیان توانی وەک پێویســـت بەرگری بکەن، ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەســـتەوە بەمەرجێک وەکو هەردوو هۆزەکەی دیکەی جولەکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت( الواقدي، 1989، 2/496 و مابعدها؛ وافنسون، 1927، ص149).

ئەوەی لێرەدا جێگای باسە، هەردوولا لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن (سعد کوری معاذ) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی هۆزی ئەوس و هاوپەیمانی کۆنی جولەکەکانی بنی قریظة بوو بڕیار لەســـەر چارەنوســـیان بدات، ئەویش بڕیاریدا بە کوشـتنی پیاوەکان و بەدیل گرتنی ژن و منداڵەکانیان و دابەشـکردنی موڵک و سـامانیان ( ابن سـلام، 1989، ص193؛ الطبري، 1997، 2/587). ئەو بڕیارەش جێگای ڕەزامەندی خوای گەورە و پێغەمبەر(د.خ) بووە، لە پاداشـتی ئەو کارانەی ئەنجامیاندا لە پەیمان شـــکاندن و دەســـت تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمن، بەمەش دوا ڕۆژی شـــاری مەدینەیان خســـتە چارەنوســـێکی نادیار لە کاتی گەمارۆدان و شـــەڕی ئەحزاب، بێگومـان ئەگەر ســـۆزی خوای گەورە و خۆراگری موســـڵمانەکان نەبووایە، ئەوا تووشـــی کۆســـتێکی گەورە و لەناوچوون دەبوون، هەربۆیە لێرەدا ئەگەر بەجیهانبینی ئێســتاش لێی بڕوانی لەو تاوانە گەورەی ئەنجامیاندا کە زیاتر خوی دەبینیەوە لە ناپاکی و خیانەتی نیشـتیمانی و پەیمان شـکاندن، ئەگەر بە پێی یاسـا و سـزادانی ئێسـتای جیهانیش سـەوداو مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکرێت، هەرگیز مایەی لێخۆشبوونیان بۆ نیە نەک جارێک، بەڵکو چەندین جار بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچوو( خلیل، 1997، ص287).

هەرچی پەیوەسته بە جولەکەکانی دەرەوەی مەدینەیە، ئەوا باس لە ڕووداوی هێرشکردنە سەر قەڵاکانی خەیبر[8]، ئەوا باس لەوە دەکات ئەگەر لە ڕابردوودا هۆکارگەلێک هەبووبێت بۆ هێرشکردنە سەر جولەکانی مەدینە، ئەوا هێرشکردنە سەر خەیبر هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی دوورە دەست بووە لە مەدینەو خەڵکەکەی هیچ هەڵەیەکیان بەرانبەر بە پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵەکانی نەکردووە( Margoliouth, 1905 p:362)، دواتر هێرشکردنەسەر خەیبر بە دزی و تاڵانی و بڕۆی وێنا دەکات و ئاماژە بەوەدەکات هیچ هۆکارێک نەبووە بۆ ئەو دەستدرێژیە، جگە لە تاڵانی و دەستکەوت، بگرە لەوەش زیاتر لەبەرئەوەی دانشتوانەکەی موسڵمان نەبوون(Margoliouth, 1905 p:363).

لە ڕاستیدا هێرشکردنەسەر قەڵای خەیبر بێ پاساو نەبووە، بەڵکو ئەوان بەردەوام لەگەڵ پاشماوەی جولەکە دەرکراوەکانی مەدینە بیریان لەوە دەکردەوە سوپایەک ئامادە بکەن بۆ پەلاماردانی مەدینە، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی ئەو شکستانەی لە ڕابردوو تووشیان هاتبوو، لەلایەکی دیکەش دەست بەسەرداگرتنی خەیبر هەرگیز بۆ دەستکەوت و سامان نەبووە، ئەوەش لەمیانەی گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت هەندێک لە عەرەبە دەشتەکییەکان هاتنە لای پێغەمبەر(د.خ) بۆ بەشداریکردن لە غەزای خەیبەر، کە تیایدا بە نیازی دەسکەوت و ماڵ و سامان هاتبوون، لە بەرانبەردا پێغەمبەر(د.خ) پێی ڕاگەیاندن تەنها ئەوانەی وێڵ و شەیدای جیهادن لەگەڵیدا دەردەچەن، وەلێ ئەوانەی مەبەستیان دەسکەوتی جەنگە ئەوا لەگەڵمدا دەرناچن( الواقدي، 1989، 634/2).

بێجگە لەوەش، مارجلیوث ئاماژە بەوە دەکات، لە هەرشوێنێک موسڵمانەکان تووشی دۆران و سەرشۆری هاتبێت، ئەوا بە هێرشکردنەسەر جولەکە قەرەبوویان کردۆتەوە، بە نموونە لە گۆشەنیگای ناوبراو دوای ئەو سەرشۆرییەی موسڵمانەکان لە ئاگربەستی حودیبییە بەسەریان هات، پێغەمبەر(د.خ) هەوڵیدا لە ڕێگای هێرشکردنە سەر قەڵاکانی خەبیر ئەو ئابڕوچوونە پەردەپۆش بکات(Margoliouth, 1905, p:348_349 ). لە ڕاستیدا ڕووداوەکانی دواتر ئەوەیان سەلماندووە، کە هەرگیز ڕێکەوتنانەی حودەیبییە شکست نەبووە بۆ موسلمانەکان، بەڵکو ئاسۆیەکی زیاتر لە بەرانبەریان کردووە بۆ ئەوەی پەیامی ئیسلام بگەیێنە بەشێکی زۆر لە هۆز و تیرە و خێڵەکانی نیوە دوورگەی عەرەب.

## 4.4_ ڕێکەوتننامەی حودیبییە

پێغەمبەر(د.خ) لە ساڵی (6ک/627ز) بە یاوەری نزیکەی هەزار و چوارسەد کەس لە هاوەڵانی لە مەدینە بەڕێکەوتن بەرەو شاری مەککە بە مەبەستی عەمرەکردن بەبێ شەڕو ڕووبەڕووبونەوەو لەگەڵ خۆیان حەفتا وشتریان هێنابوو بە مەبەستی قوربانیکردن لە مزگەوتی حەرام( ابن هشام، 1955، 322/2). لە بەرانبەر ئەوەدا، لێرەدا دەکرێت لە قسەکانی مارجلیوث ئەوە بخوێنرێتەوە کە ئامانجی سەرەکی ئەو بەرێکەوتنە بۆ مەککە دەست بەسەر داگرتنی شارەکە بووە، وەلێ کاتێک زانی ناتوانێ بەخۆی و هێزەکەی بچێتە ناو شارەکە لە نزیک حودیبییە بە دووری هەشت میل لە مەککە وەستا، دوای ئەوەی قورەیشییەکان هێزیان نارد بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان، وای نیشاندا کە بۆ حەج هاتووە و وەستا لە پێشڕەویکردن بەرەو مەککە، ڕەنگە ئەوەشیان بەهۆی ترسەوە بێت لە چارەنووسی موسڵمانەکانی شارەکە یاخود وشترەکەی وەستا بە فەرمانی خودا (Margoliouth, 1905, p: 345)، لەوەشیاندا کەوتووەتە هەڵەوە پێغەمبەر(د.خ) بۆ عەمرەکردن دەرچوو بوو نەوەک بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج.

دوای بەدوای ئەوە هەوڵەکانی پێغەمبەر(د.خ) بەو ئاراستەیە بووە، کە هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو بێتە ئارا پەلکێشیان بکات بۆ شەڕ، تەنانەت چەند جارێک هەندێک لە سەرکردەکانی قورەیش هەنگاوەکانیان بەو ئاراستەیە بوو بۆ ئەوەی موسڵمانەکان پەلکێشی شەڕ بکەن، بەڵام دواجار دانوستان لە نێوان هەردوولا هاتە ئاراو نێردراو لە نێوانیاندا بیروڕاکانیان ئالوگۆڕ کردووە، بەڵام قورەیشییەکان سوربوون لەسەر ئەوەی ڕێگا نادەن بێنە ناو شاری مەککە( بۆ پتر زانیاری لەبارەی پێشهاتەکانی ئەو ڕووداوانە بڕوانە: الواقدي، 1989، 602/2_610).

دەرئەنجام هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی شەڕ بۆ ماوەی دە ساڵ لە نێوان هەردوولا بووەستێت، هەروەتر هەرکەسێک بەبێ پرسی خاوەنەکەی هەڵبێت و بچێتە لای محەمەد دەبێت بیگەڕێنێتەوە بە قوریش، وەلێ هەرکەسێک لە لای محەمەد ڕابکات، ئەوا قوریش نایداتەوە بە محەمەد، سەرەڕای ئەوەش ئاگربەستی سەرتاسەری ڕادەگەینرێت و

نابێت هیچ لایەکیان لە ژێر پەردەوە دەســـت درێژی و ناپاکی ئەنجام بدات، هەر کەس و لایەنێک دەیەوێت هاوپەیمانیەتی لەگەڵ محەمەد ببەســـتێت ئازادە، لە بەرانبەردا هەر کەس و لایەنێک دەیەوێت هاوپەیمانیەتی لەگەڵ قوریش ببەســـتێت ئازادە، بێجگە لەوەش محەمەد و هاوەڵەکانی ئەوســاڵ دەگەڕێنەوەو نارۆنە ناو مەککە، ســاڵی داهاتوو دێنەوە و دەڕۆنە ناو شــاری مەککە بە بێ چەک بۆ ماوەی ســێ ڕۆژ( بڕوانە: ابن هشــام، 1955، 322/2 و ما بعدها؛ ئەلمەللاح، 2018، 75/2).

هەرچەندە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە بەشی هەرەزۆری لە بەرژەوەندی موسڵمانەکان بوو، بەڵام مارجلیوث بەسەرشۆری بۆ موسڵمانەکانی هەژمار دەکات و باس لەوە دەکات ناچاربوون ملکەچی ئەو سەرشۆڕیە بن، لە هەمان کاتدا هەندێک لە موسڵمانەکان ئەو ڕێکەوتنامەییان بە مایەی سـەرشۆری دەزانی، لەوانە عمری کوری خەتاب بە ئاشکرا نیگەرانی خۆیان دەربڕی، لە هەمان کاتدا ئەو ئاگربەستە بە شکست لێک دەداتەوە، لەبەر ئەوەی بەردوام هاوسۆز بووە لەگەڵ جولەکەکان جەخت لەوە دەکاتەوە لە هەرشــوێنێک پێغەمبەر(د.خ) ســـەرکەوتوو نەبێت بە هێرشــکردنە ســـەر جولەکە قەرەبووی کردووەتەوە، لەم نێوەندەشـــدا ئاماژە بەوە دەکات، دوای دەربرینی ناڕەزایی و نیگەرانیەکان، چاک هاوەڵەکانی خۆی دەناســـی، هەربۆیە هێرشـــی بۆ ســـەر قەڵای خەیبەری وەک مزگێنی پێ دان، بۆ ئەوەی هەر لە ژێر کۆنترۆلی خۆیدا بمێنن(Margoliouth, 1905, p: 348_349).

هەرچی پەیوەســتە بە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە، ئەوا بە ســەرکەوتنی قوریشـــی زانیووە، بەتایبەتی هەندێک لەو ڕێکارانەی پێغەمبەر(د.خ) گرتیەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بەوەی هەر کەسێک لە شاری مەککە بە بێ ئیزنی گەورەکەی ڕابکات بۆلای محەمەد دەبێت بیگەڕێنێتەوە بۆ شاری مەککە، لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە زۆر بەچاکی دەستی بە ڕێکەوتننامەکە گرت و بەندەکانی جێبەجێ کرد(Margoliouth, 1905, p: 348).

لە ڕاستیدا ڕووداوەکان و پێشهاتەکانی دواتر ئەوەی سەلماند ئەو ڕێکەوتنامەیە یەکێکە لە سەرکەوتنە هەرە گەورەکانی موسڵمانەکان، هەربۆیە مێژوونووسـان پەسـن و سـتایشـی زۆری ئەو سـەرەوتنەی موسلمانانیان کردووەو ئاماژە بەوە دەکەن هیچ ســـەرکەوتن و فەتح کردنێک لە ئیســـلامدا هێندەی ڕێکەوتننامەی حودیبیە مەزن و گرنگ نەبووە( الواقدي، 1989، 602/2؛ الشـــامي، 1993، 63/5)، ســـەرەڕای ئەوەش خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەو ڕێکەوتنامیە بە ســـەرگەوتنێکی گەورە بۆ موســـڵمانەکان هەژمار دەکات هەروەک دەفەرموویێت: [ إِنَّا فَتَحْنا لَكَ فَتْحاً مُبِيناً ](ســـورة الفتح، الایة/48).

## 5.4_ ناردنی نامە و پەیام بۆ سەرکردەو پادشاو ئیمپراتۆرەکان

لە دوای ڕێکەوتنامەی حودیبیە کەشـــێکی لەبار ڕەخســـا بۆ پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵانی بۆ ناردنی نامەو پەیام بۆ خێلە عەرەبەکان و دەســـەڵاتدارو فەرمانڕەوای وڵاتە دراوســـێکانی دەوروبەر، کەتیایدا بانگی کردووون بۆ موســـڵمان بوون(الطبري، 1997، 644/2_645؛ ابو الفداء الایوبي، د.ت، 141/1)، وەک بەجێگەیاندنی ئەو پەیامەی کە لە لایەن خوای گەورە وە پێی سـپێردراوە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسـلام، بەو پێییەی پەیامی ئیسـلام گشـتگیرە بۆ هەموو جیهـان و تـایبەتمەنـد نیە بە پێکهـاتە و میللەتێکی دیـاریکراو، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤـایەتیە بە گشـــتی هەروەک دەفەرموویێت: [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ ](سورة سبأ، الایة/28).

لە بەرانبەر ئەوەدا مارجلیوث تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو نامەو پەیام و بانگهێشـــتنامانە بۆ فەرمانڕەواو باڵادەسـتەکان وەک دەسـتبەسـەرداگرتنی جیهان ناوزەند دەکات( Margoliouth, 1905, 364). لە ڕاسـتیدا نازانرێت لەچ‌گۆشە نیگایەکەو گەیشتە ئەو ڕایەی ئامانجی پێغەمبەر(د.خ) لەو نامەو پەیامانە داگیرکردنی جیهان بووە، بێئاگا لەوەی پایامێکی ناوچەگەرای نەبووە، بەڵکو پەیامێکی سەرتاسەرییە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی.

هەرچی پەیوەسـتە بە ناوەڕۆکی نامەکانیش، ئەوا لەبارەی ئەو نامەیەی بۆ (مقوقس) فەرمانڕەوای مصـر نێردراوە، هیچ وەتەو قســـەیەکی نیەو تەنها وەرگێڕاوەتە ســـەر زمانی ئینگلیزی(Margoliouth, 1905,p: 365)، وەلێ لەبارەی ئەو پەیام و بانگهێشـــتنامەی بۆ (هرقل) ئیمپراتۆری ڕۆمەکانی ناردووە، ئەوا جەخت لەوە دەکاتەوە (هرقل) زۆر بەڕێزەوە

هەڵس و کەوتی لەگەڵ نامەو نێردراوەکە کردووە، تەنانەت زۆر خۆشحاڵ بووە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر(د.خ) کوشتاری لە جولەکەکان کردووە(Margoliouth, 1905,p: 365). لێرەدا هاوسۆزی خۆی بۆ جولەکە نەشاردووەتەوە و دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، بۆیە خۆشحاڵبووە بە نامەو پەیامەی، لەبەرئەوەی کوشتن و بڕینی لە جولەکەکان کردووە.

هەر لەو سەروبەندەدا پێغەمبەر(د.خ) پەیامی ناردووە بۆ گەورەی فارس (پەروێز کوری هەرمز)، لە بەرانبەر ئەوەدا پاشا بەشێوەیەکی نەرێنی بێڕێزی بەنامەکە کردو ئەوەی بە شەرمەزاری بۆخۆی لێکدایەوە کە کەسێکی ئاسایی وەک(محمد) لە ناوەڕۆکی نامەکەوە ناوی بە پێش ناوی ئەو خستووە، دواتر کاتێک ئەو هەواڵە گەیشتەوە پێغەمبەر(د.خ) داوای لە خودای گەورە کرد دەسەڵات و دەرباری نغرۆ بکات و لەناوی ببات، دوای ماوەیەکی کەم لەم ڕووداوە خوای گەورە وتەی پێغەمبەری هێنایەدی و پەروێز بە دەستی شیرەوی کوڕی کوژرا( ابو الفداء الايوبي، د.ت، 141/1)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامانە مارجلیوث نکۆڵی لە ئاخافتنی سەرچاوەکان دەکات بەوەی کە دوای بێڕێزیکردن بە نامەو پەیامەکە پێغەمبەر(د.خ) نێگاو پێشبینی مردنی پاشای فارسی کردبێت، بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) تۆرێکی سیخوری کاراو چالاکی هەبووە، لەو ڕێگەیەوە گوێبیستی هەواڵی مردنی پاشا بووە(Margoliouth, 1905, p:368).

## 6.4_ ژن و ژنخوازییەکانی پێغەمبەر(د.خ)

یەکێکە لەو بابەتە پڕ ڕەواج و بریقەدارەکان وەک ئەوەی هەنگوینیان لە نێو داردا دۆزیبێتەوە لە گۆشەنیگای ڕۆژهەڵاتناسان زۆرترین قسە و باسیان لەبارەوە کردووە، لەم نێوەندەدا چەندین تۆمەتی ناڕەوا و قسەی نەشیاوو نابەجێیان دەرهەق بە کەسێتی پێغەمبەر(د.خ) هەڵبەستووە بەوەی، کە بەردەوام بە دوای حەز و هەوا و ئارەزووەکانی کەوتووە و لاواز بووە بەرانبەر بە ئافرەت، لێرەدا بەڵگەشیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە بەوەی لە ماوەی ژیانیدا هاوسەرگیری لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر لە ژناندا کردووە، تەنانەت یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە جگە لە هاوسەرە شەرعییەکانی پەیوەندی ناشەرعی و سۆزداری هەبووە لەگەڵ چەندان ئافرەتی دیکە(وات، د.ت، ص434)، هەر بەوەندەش نەوەستاوە بەڵکو چاوی بڕیوەتە هاوژینی پیاوی دیکەش، بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژە بەوە دەکرێت لە ساڵی(4ک/626ز) سەردانی ماڵی زید کوری حاریثەی کرد، وەلێ لەو کاتەدا زید لە ماڵ نەبوو، لە هەمان کاتدا زینبی کچی جحشی خێزانی بە ڕووت و قووتی و بێ پۆشاک بینی و لەو کاتەدا خولیا و ئارەزووی بۆ چووە و خۆشەویستی لەلا گەڵالە بوو(لوبون، 2012، ص116، هيكل، 1977، ص326 و مابعدها)، لە ڕاستیدا ئەو قسانە هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نییە و تەنانەت لە هیچ کامێک لە سەرچاوە مێژووییەکانیش باسی لێ نەکراوە، لەبەرئەوەی (زینب کچی جحش)، کچی مامی پێغەمبەر(د.خ) بووە و ئاگادار و شارەزایی تەواوی ژیانی بووە پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ زید بکات، هەربۆیە لێرەدا ئەگەر هەرچەشنە ویست و ئارەزوویەکی هەبووایە، ئەوا پێش ئەوەی ببێت بە زەید، خۆی هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکرد( بڕوانە: الذهبي، 1985، 2/ 211 و مابعدها). لێرەدا بۆ هەموو ئەو تۆمەتانەش پشتیان بە فەرمایشتێکی پێغەمبەر(د.خ) بەستووە، کاتێک گوتویەتی لە دونیادا سێ شت لای من خۆشەویست کراوە ئەوانیش بریتیین: لە ژن و بۆن و بەرامی خۆش لەگەڵ نوێژ، هەروەک دەفەرموێت:(( إنما حبب إلي من دنياكم النساء و الطيب و جعلت قرة عيني في الصلاة))(النسائي، 2001، 149/8، رقم الحديث/8836؛ البيهقي، 2003، 124/7، رقم الحديث/13454).

لەم چوارچێوەشدا مارجلیوث لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان ڕۆیشتووە و بۆ پاساو هێنانەوە بۆ قسەکانیشی سەرەتا لەوە دەست پێدەکات ئەگەر حەز و هەوەس و ئارەزووی سێکسی بکرێتە دە بەش، ئەوا خودا نۆ بەشی داوە بە عەرەب، لە بەرانبەردا تەنها یەک بەشی داوە بە تەواوی مرۆڤایەتی( Margoliouth, 1905, p:66).

بێجگە لەوەش، کاتێک باس لە بابەتی فرەژنی پێغەمبەر(د.خ) دەکات، بە گشتی بۆ سێ ئامانج و بەرژەوەندی سەرەکی دەگەڕێنێتەوە ئەوانیش بریتین لە هاوپەیمانی سیاسی، پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئارەزووی بێسنور بۆ نانەوەی وەچە و منداڵ(Margoliouth, 1905, p:176-177).

لە لایەکی دیکەش، کاتێک دێتە سەر باسی هاوسەرگیری یەکەمی لەگەڵ (خەدیجەی کچی خویلد) ئەوا جەخت لەوە دەکاتەوە، پێغەمبەر(د.خ) تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو، لە بەرانبەردا خەدیجە چل ساڵ بوو، وەلێ ئامانجی سەرەکی

لەو هاوژینییە تەنیا بەرژەوەندی ئابوریی بووە و چاوی بڕیوەتە سـەروەت و سـامانی ئەو ئافرەتە بێوەژنە، لەبەرئەوەی ئافرەتێکی خانەدان و زەنگین و دەوڵەمەند بووە (Margoliouth, 1905, p: 66_67؛ Margoliouth, 1911, p: 45 ).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتە دەکرێت باس لەوەبکرێت پێغەمبەر(د.خ) خۆی دەست پێشخەر نەبووە بۆ ئەو هاوسەرگیرییە تا بە دوای ئامانجەکانی بکەوێت، بەڵکو (خەدیجە) خۆی داوای هاوسـەرگیری لێ کردووە، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) کاری بازرگانی بۆ ئەنجام داوە و بۆی بەدیار کەوتووە کە کەسێکی گونجاوە بۆ هاوسەرگیری، بەتایبەتیش دوای ئەوەی(میسـرة) ی خزمەتکاری(خەدیجە) باسـی ڕەوشـت و هەڵس و کەوتی پێغەمبەر(د.خ) بۆ کردووە لە دوای گەرانەوەیان لە کاروانە بازرگانییەکەی شـامدا، (خەدیجە) ناردی بە دوای پێغەمبەر(د.خ) پێی گوت: ((ئەی کوری مامە، من خواستم ئەوەیە هاوسـەرگیرت لەگەڵ بکەم، چونکە تۆ لە منەوە نزیکیت و خاوەن ڕێزو شکۆمەندی و پێگەو متمانەی لە ناو خەڵکدا، هەروەها خاوەن ڕەوشتی جوان و ڕاستگۆیت)) (ابن اسحاق، 2004، 139/2؛ ئەلمەلاح، 2018، 108/1).

لەلایەکی دیکەش، مارجلیوث ئاماژە بەوە دەکات دوای ئەوەی بۆ خەڵک ڕوونبەوە خاڵی لاوازی پێغەمبەر(د.خ) ئافرەتە، ئەوا لە تەواوی هۆز و تیرەکانی نیوە دورگەی عەرەب ژنیان پێشکەش کردووە، تەنانەت لە شاری مەدینە هەر ئافرەتێک بێوەژن بووایە نزیکەکانی بەشـویان نەدەدا، تاوەکو پرسـیاری پێغەمبەریان نەکردایە ئاخۆ دەیخوازێت یاخود نا( Margoliouth, 1905, p:351).

هاوکات لەبارەی هاوسەرگیری لەگەڵ (ماريە القبطية)، ئەوا ئەو هاوژینیەی لێکچواندووە بەو ئافرەتەی کە لە دوای شەڕی تەرواده بە دیاری درا بە ئەفسـانەی پاڵەوان (ئەخیل)، تەنانەت بە تەنزەوە ئاماژە بەوە دەکات چۆن ئیمپراتۆری ئەسکەندەرییەی میسری زانی ئەو ژنە گونجاوە بۆ خاوەن ئایینی نوێ ( Margoliouth, 1905, p:396).

دوای وردبوونەوەو تێڕامان لە بۆچوونەکانی مارجلیوث لە هەمبەر فرە ژنی پێغەمبەر(د.خ) دەکرێت چەند خاڵێک بخرێتەڕوو:

1_ دیاردەی فرەژنی پێغەمبەران بابەتێکی نامۆ و لەکەدار نەبووە، بەڵکو پەیامهێنەرانی پێشـووتریش زیاتر لە ژنێکیان هەبووە لەوانە ئیبراهیم، يعقوب، داود، تەنانەت سـلێمان نۆهەت و نۆ ژن یاخود باس لە هەزار ژن دەکرێت، سـەڕای ئەوەش ئەو دیاردەی فرە ژنی لە پێش هاتنی ئیسلامیش بوونی هەبووە(بڕوانە: إمام مسلم، د.ت، 3/ 1276، رقم الحديث/ 1654؛ علي، 2001، 220/1).

2_ ڕوون و حاشا هەڵنەگرە، پێغەمبەر(د.خ) بەر لەوەی ببێتە پەیامبەریش دوور بووە لە مەسەلەی هەوا و هەوەسبازی، هەرچەندە لەو سـەردەمەدا کۆمەڵگای نەفامی تەنرا بوو بەو جۆرە دیاردانە، تەنانەت لەوکاتەی لە هەرەتی لاویەتیدا بووە نەچووە بە دوای ئافرەتێکی گەنج بگەڕێت، بەڵکو هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک ئەنجامدا نزیکەی پانزە ساڵ لەخۆی گەورەتر بووە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەرگیز بەدوای حەزو ویست و ئارەزووەکانی نەکەوتووە.

3_ هەندێک لەو هاوسـەرگیرییانە بە مەبەسـتی ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ بووە، لەم نێوەندەشـدا پێغەمبەر(د.خ) دوای مردنی(خەدیجەی) خێزانی هەڵسـا بە خواسـتنی(سـودەی کچی زمعة) ( ابن سـيد الناس، 1993، 367/2).

4_ بەشـێک لە هاوسـەرگیریەکانی پێغەمبەر(د.خ) بە مەبەسـتی پتەوکردنی پەیوەندی و هاوپەیمانیەتی بووە، هەروەک خواستی (عائیشەی کچی ئەبوبکر)و (حفصەی کچی عمر)، جگە لەوەش بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ بنی النظير، هەڵسـا بە خواسـتنی (صـفیەی کچی حيي) دوای ئەوەی بە بەندی کەوتە دەسـتی موسـڵمانەکان ئازادیکردو هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد( ابن سعد، 1990، 82/2).

5_ سـۆزو بەزەیی و میهرەبانی بەرانبەر بە ژنان، لەم نێوەندەشـدا هەڵسـاوە بە هاوسـەرگیری لەگەڵ بەشـێک لەو ئافرەتانەی بێوەژن بوون یاخود نەدار و لە بارودۆخێکی ناهەموار بوون یاخود ئەوانەی لە بەندی ڕزگاریکردوون بوونەتە موسڵمان، بۆ ئەوەی لە ژێر سایەو سێبەری ئەودا بژین، لەوانە (ام سلمه) ئافرەتێکی بەتەمەن بوو، (رملەی کچی

ئەبو سـفیان) ناسـراو بە (أم حبیبە) مێردەکەی کۆچی کردبوو بە حەبەشـەو هەڵگەڕایەوە لە ئیسـلام بوو بە مەسـیحی، (جویریەی کچی حارث) لە بەندیەتی ئازادییکرد ( ابن حجر العسقلاني، 1994، 24/5، 140/8-141، 72/8-73).

6_ لەبارەی هاوسـەرگیری لەگەڵ (زینب کچی جحش) ئەوا ناسـراو بووە لەلایەن پێغەمبەر(د.خ) لەبەرئەوەی کچی مامی بوو، هەربۆیە ئەو تۆمەتانەی ڕۆژهەڵاتناسـان هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکو ئەو هاوسـەرگیرییە بەجێگەیاندنی فەرمایشـتی خوای گەورە بووە بۆ ڕەتکردنەوەی گرتنە خۆی( تبنی) زیدی کوری حارثة لەلایەن پێغەمبەر(د.خ)، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویێت: [وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضى زَيْدٌ مِنْها وَطَراً زَوَّجْناكَها لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْواجِ أَدْعِيائِهِمْ إِذا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَراً وَكانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً ] (سورة الاحزاب، الاية/37).

## 7.4_ هۆکاری نەخۆشکەوتن و وەفاتی پێغەمبەر(د.خ)

یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی ڕۆژهەڵاتناسان قسەوباسیان لەبارەوە کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا مارجیلیوث ئاماژە بە هۆکارێکی دیاریکراو ناکات لە هەمبەر مردنی، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕانەوەی بۆ نێو پەراوی سەرچاوەکان کۆمەڵێک ئەگەر دەخاتەڕوو، ئەوەتا یەکێک لەوانە پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو ڕەشە تایەی کە لە کاتی نەخۆشکەوتنی و دوا ساتەکانی ژیانی تووشـــی هات، یاخود جەخت لەوە دەکاتەوە زۆرینەی بۆچوون و گێڕانەوەکانی ســـەرچاوەکان پێیان وایە، کە بە هۆی پێدانی ژەهر بووە لەلایەن ئـافرەتێکی جولەکەی قەڵای خەیبەر، یـاخود لە ئەنجـامی خواردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەو ئاوانەی کە بە بێ دوو دڵی هەســـتی دەکرد پیس نین ئەوانەی دەردەچوو لە قوڵایی بیرەکان( see: Margoliouth, 1905, p:471 ).

بە گەڕانەوە بۆ ئاخافتنی مێژوونوســـە هاوچەرخەکان هەمان زانیاری بەرچاو دەکەوێت بەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) لە دوا ســـاتەکانی ژیانی تووشـــی تایەکی قورس هات و باروودۆخی خراپ کردو ئۆقرەی لێ بڕی تا گەیشـــتە ڕادەی لە هۆشـــخۆچوون، ئیتر لەو کاتەدا لە لایەن خێزانەکانی و (عەبباســـی) مامی چەند داو دەرمانێکیان پێدا بەبێ ڕەزامەندی خۆی، بەڵام هیچ ســوودێکی پێ نەگەیاند، دواجار لە ســاڵی (11ک/632ز) وەفاتی کرد (ابن اســحاق، 2004، 607/2 و مابعدها؛ ابن سعد، 1990، 159/2 وما بعدها).

جێگای ئاماژە پێدانە، هۆکاری سـەرەکی ئەو نەخۆشـکەوتنە قورسـەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای فەتحکردنی قەڵای خەیبەر لە ساڵی(7ک/628ز)، کاتێک ئافرەتێکی جولەکەی قەڵاکە بە ناوی (زینب کچی حارث) کە خێزانی (سلام کوری مشکم[9]) بوو هەڵســا بە ئامادەکردنی مەڕێکی برژاو بۆ پێغەمبەر(د.خ)، لە هەمان کاتدا پرســیاری لە هاوەڵان کرد ئارەزووی لە کامە بەشـــە، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاند دەســـتەکانی، هەربۆیە زۆرترین ژەهری خســـتە نێو گۆشـــتی دەســـتەکانی، کاتێک پێغەمبەر(د.خ) پارچەیەک لە گۆشـتەکەی خسـتە دەمی و تەنها جووی و قووتی نەداو دەسـتبەجێ خسـتییە سـەر زەوی دوای ئەوەی زانی ژەهراوییە، لە بەرانبەردا ئافرەتەکە دانی بەوەنا کە گۆشـــتەکەی ژەهراوی کردووە، لە هەمان کاتدا یەکێک لە هاوەڵان بە ناوی (بشـر کوری البراء) یاوەری پێغەمبەر(د.خ) بوو گیانی سـپارد لە ئەنجامی خواردنی گۆشـتە ژەهراوییەکە( ابن هشام، 1955، 227/2_337؛ ابن الاثیر، 1997، 100/2).

هەڵبەتە ئەو ڕاستییەش خودی پێغەمبەر(د.خ) خۆی لە لای عائیشـەی درکاندویەتی لە کاتی نەخۆشکەوتنی، بە شـێوەیەک لە گێڕانەوەیەکدا عائیشـە ئاماژە بەوە دەکات، کە پێغەمبەر(د.خ) پێی ڕاگەیاندووە:((هەتاوەکو ئێسـتا ئێش و ئازار دەچێژم بەهۆی ئەو خواردنەی کە لە قەڵای خەیبەر خواردم))(البخـاري، 2001، 6/ 9، رقم الـحـديـث/4428؛ البيهقي، 2003، 19/10، رقم الحديث /19716).

بێجگە لەوەش، ئاماژەی دیکە هەن گەواهی ئەوە دەدەن، کە پێغەمبەر(د.خ) لە سـەر زاری خۆی هۆکاری نەخۆشـکەوتنی گێڕاوەتەوە بۆ خواردنە ژەهراوییەکەی قەڵای خەیبەر، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەکدا خوشـکی (بشـر کوری البراء بن معرور) لە کـاتی نەخۆشـــکەوتنی پێغەمبەر(د.خ) ســـەردانی کردووە، ئەویش لە بەرانبەردا پێی ڕاگەیـاندووە، کە ئەو

خواردنەی لەگەڵ براکەت خواردمـان لە قەڵای خەیبەر دەمـارەکـانی ملی بریم و شــــەکەتی کردم، هەربۆیە هـاوەڵان پێغەمبەر(د.خ) بە شەهید هەژمار دەکەن لەگەڵ ئەوەی نێردراوی خودا بووە(ابن اسحاق، 2004، 2/ 479).
بەوردبوونەوە و تێڕامان لە بۆچوونەکانی مارجلیوث دەگەینە ئەو ڕاســـتییەی کە دەیەوێت بابەتی ژەهر خوارد کردنی پێغەمبەر(د.خ) لە لایەن جولەکان بە لارێدا ببات وای نیشــــان دەدات، کە زۆرێک لە ســــەرچاوەکان پێیان وایە بەهۆی خواردنی ژەهراوی بووە بە دەسـتی ئافرەتێکی جولەکە لە قەڵای خەیبەر، نەوەک ئەوە هۆکاری ڕاسـتەقینەی وەفاتی بێت، کەچی زۆربەی گێڕانەوەی ســــەرچاوە ڕەســــەنەکانی موســــڵمانان و تەنانەت خودی وتە و فەرمایشــــتەکانی خودی پێغەمبەر(د.خ) گەواهی ئەوە دەدەن، کە بابەتە کاریگەری زۆری کردووەتە ســــەر تەندروســــتی پێغەمبەر(د.خ) و لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بەڕوونی ڕەنگدانەوەی پێیەوە دیار بووە.

## 5. دەرئەنجام

**دوای تەواوکردنی ئەو توێژینەوەیە، توێژەر گەیشت بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

یەکەم/ دیفید سموئیل مرجلیوث وەکو ڕۆژهەڵاتناسێکی شارەزاو زمانزان و هۆشیار و بەئاگا، ناوبانگێکی زۆری هەبووە لە جیهانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، دەرکەوتن و ناودارییەکەی وابەستەیە بە چالاکی و کتێب و بەرهەم و نووسینەکانی لەبارەی مێژوو و کولتووری ئیسلامی.

دووەم/ لە زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی دادگەر و ڕاستگۆ نەبووە بەرانبەر بە پێغەمبەر(د.خ) و ڕەسەنایەتی ئیسلام، بەڵکو لە نووسینەکانیدا پەیڕەوی میتۆدی زانستی ماددی و عیلمانی ڕۆژئاوای کردووە و زیاتر دەمارگیری پێوە دیارە و بە ئاشکرا ڕق و کینەی خۆی نەشاردووەتەوە، ئەوەش وای کردووە دادپەروەری لە دەست بدات و بە ئاشکرا لایەنگیری پێوە دیار بێت.

سێیەم/ هەموو هۆ و پێناوێکی گرتۆتەبەر بۆ لێدان و تانەدان و بەلارێدابردن و تۆمەت دروستکردن بۆ کەسێتی پێغەمبەر(د.خ)، ئەوەش بۆ ڕازیکردن و نیشاندانی بە تاکی ڕۆژئاوایی بەوەی کە قورئان و ئایینەکەی لە داهێنانی پێغەمبەرە و لە ئاییانی پێشتر وەرگیراوە و هیچ بنەمایەکی دروستی نییە.

چوارەم/ لەگەڵ ئەوەی خۆی وا نیشانداوە وەکو کەسایەتییەکی ئەکادیمی زیاتر بابەتییانە لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) دەڕوانێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیووە خۆی ڕزگار بکات لەو هزرە چەواشەکارییەی، کە لە نێو ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی هەبووە، بەڵکو لەوان زیاتر وەکو ڕۆژهەڵاتناسێکی جولەکەی دەمارگیر هاتۆتە مەیدانەکەو ڕەفتاری کردووە.

پێنجەم/ لە زۆربەی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ئەو سەردەمە هاوسۆز بووە لەگەڵ جولەکەکان، ئەوەش زیاتر لە پاشخانی ڕیشەو ڕەچەڵەی خۆی وەک جولەکەیەک سەرچاوەی گرتووە بەوەی کە بەردەوام ئەوانی وەک ستەملێکراو نیشانداوەو وا وێنایکردووە کە کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و وەدەرنانیان بەرانبەر کراوە لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەر(د.خ) لە شاری مەدینە.

شەشەم/ شەڕو غەزەواتەکانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) شرۆڤەو لێکدانەوەی ماددی بۆ کردووە بەوەی، کە هیچ ئامانجێکی لە پشتەوە نەبووە، بێجگە لە تاڵانی و برۆی و کۆکردنەوەی دەسکەوت و سامان.

حەوتەم/ وای نیشانداوە کە پێغەمبەر(د.خ) کەسێکی هەوس بازو لاوازە بووە بەرانبەر بە ژنان، ئەوەش وای کردووە ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان بخوازێ بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدات بە فرەژنی.

هەشتەم/ بێ بایەخکردن و بە کەم سەیرکردنی هەندێک لە هەنگاو و کردارەکانی پێغەمبەر(د.خ) لە دیارترینیان دەستوری مەدینە، ڕێکەوتنامەی حودەیبییە، ناردنی نامە بۆ پادشا و مەلیک و ئیمپراتۆرەکان.

## 6.پەراوێزەکان

[1] لە زمانی عیبری و ئارامی پیتی (ج/j) بوونی نیە، هەروەکو چۆن لە لای عەرەب و زمانە سـامیە غیرە عەرەبیەکان لە پیتی سێیەمی ئەبجەدی بوونی نیە، بەڵکو (ج/g)یە، ئەگەر بە قەلەوی بگوترێت هەروەک لە زمانە عیبریەکەدا، بەڵام ئەگەر بە نەرمی بگوترێت دەبێتە(غ/gh)، بەمەش ناوەکە لە زمانی عیبری تەوراتی دەبێتە (مرغوليوث)،(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: داود، 1985، ص66_67).

[2] کلێسای ئەنگلیکانی: ڕێبازو دامەزراوەیەکی نەتەوەی سەربەخۆیەو پەیرەو فەرمانی لە سەرۆکی کلێسای کانتربری لە ئینگلتەرا وەردەگرت و لە سەردەمی هنری هەشتەم بوو بە ڕێباز و مەزهەبی فەرمی دەوڵەت بەمەش تەواو جیابەوە لە کلێسای ڕۆما( شلبي، د.ت، ص 218 و مابعدها).

[3] جەنگی الفجار: بەکێکە لەو جەنگانەی پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕوویداوە لە نێوان قوریشیەکان کە هاوپەیمانی هۆزی کنانە بوون لەگەڵ هۆزی قیس عیلان، لە سـەرەتادا هۆزی (قیس عیلان) زالبوون، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر هۆزی (کنانە) سەرکەوت، ناوهێنانیشی بەجەنگی الفجار بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە مانگە حەرامەکاندا هەڵگیرسا، کاتێک جەنگ تیایاندا قەدەغەو حەرام کرابوو( بڕوانە: ابن هشام، 1955، 184/1_185).

[4] بصرى: شارێکی کۆن و بەناوبانگە دەکەوێتە دەوروبەری دیمشق لە وڵاتی شام( ياقوت الحموي، 1995، 441/1).

[5] قدیس پۆلس: شاول کوری بینجامین، لە بنەماڵەیەکی یەهودی لە شاری تەرتوس هاتۆتو دونیاوە، دواتر بۆ خوێندنی ئاینی چۆتە ئۆرشلێم، پاشان بووەتە مەسیحی وەکو یەکێک لە شوێن کەوتووانی عیسای مەسیح و ڕۆڵی زۆری هەبووە لە بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە ئاسیاو ئەوروپا، لە ساڵی (67 یاخود 68ز) لە سەردەمی ئیمپراتۆر نیرۆن لە سێدارە درا( 70- Farrar, 1880, p: 13).

[6] جوزیف سـمیث: لە سـاڵی (1805) لە هەرێمی فیرمونت لە دایک و باوکێکی سـەرقاڵ بە کاری کشـتوکاڵی لە زەویە بەکرێگیراوەکانی هەرێمەکانی فیرمونت، نیوهامشـایر، نیویورک، لە سـاڵی(1827) واینیشـاندا کە وەحی بۆ هاتووەو پێی ڕاگەینراوە پێغەمبەری کیشـوەری ئەمریکاییە، دواتر هەڵسـا بە وەرگێرانی شـاکارەکانی کتێبی نهێنی پیروز بۆ زمانی ئینگلیزی ناوینا کتێبی پیرۆزی مۆرمۆنی، لە سـاڵی(1830) کلێسـەی یسـوعی پیرۆزی دامەزراند و ڕێگایدا بە فرە ژنی پێچەوانەی مەزهەبەکانی دیکە، لە ساڵی (1844) هێرشـی کرایە سـەری و دوای دەسـت بەسـەرکردنی لەگەڵ براکەی لە زینداندا کوژران بە بێ بریاری دادگا( see: Cannon, 1907, p: 31 and beyond ).

[7] گەشکە یاخود پەرکەم: ئەو نەخۆشیە گوزارشتە لە چەند فشارو پەستانێکی دوبارەبووەوە لە ئەنجامی تێکچوون و شێوانی هەندێک لە چالاکی کارەبایی مێشک و هەستەوەرەکان کتوپڕ ڕوودەدات و تووشبوەکە چەند نیشانەیەکی تێدا بەرجەستە دەبێت وەک هات و هاوار، لەهۆشخۆچوون، زمان گەستن، دەرچوونی کەف لەدەم( بڕوانە: والكر و شورڤون، 2013، ص 5 وما بعدها).

[8] خەیبر: مێرگێکی کشتوکاڵی بەناوبانگەو دەکەوێتە باکوری شاری مەدینە بە دووری(100میل/165کم)، دەوڵەمەندە بە سـەرچاوەی ئاوی زۆرو بێسـتان و دانەوێڵەو دار خورما، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە بازرگان و پیشـەوەر تێدا نیشتەجێبیوون ( بڕوانە: العمري، 1983، ص159).

[9] سـلام کوری مشکم: یەکێک بوو لە ئەحبارو گەورە پیاوانی بنی النضـیر، هاوسـەردەمی پێغەمبەر(د.خ) بووە لە شـاری مەدینەو دوژمنی سەرسەختی بووەو بەردەوام خەڵکی هانداوە لە دژی پێغەمبەر(د.خ) (بڕوانە: الطبري، 1997، 484/2).

## 7.لیستی سەرچاوەکان

**ــ قورئانی پیرۆز**

**یەکەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی:**

ــ إبن الاثير: عزالدين علي الشيباني (630هـ/1232م) ، 1997، الكامل في التأريخ، تحقيق/ عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.
ــ إبن اسحاق: ابو عبدالله محمد(ت: 151هـ/ 768م)، 2004، السير و المغازي ، تحقيق: احمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــ البخاري: أبو عبدالله(ت: 256هـ/ 870م)، 2001، صحيح البخاري، تحقيق: محمد بن زهير بن ناصر، دار طوق النجاة، دمشق.

ــ البلاذري: احمد بن يحيى بن جابر(ت: 279هـ/892م)، 1996، انساب الاشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض الزركلي، دار الفكر، بيروت.
ــ البيهقي: احمد بن حسين بن علي(ت: 456هـ/ 1066م)، 2003، سنن الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــإبن حجر العسقلاني: شهاب الدين احمد بن علي بن محمد(ت: 852هـــ/1448م)، 1994،الاصابة في تمييز الصحابة، تحقيق: عادل احمد عبد الموجود و علي محمد عوض، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــ الذهبي: محمد بن احمد بن عثمان(ت: 748هـ/ 1348م)، 1985، سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، د.م.
ــ إبن حزم: علي بن احمد بن سعيد(ت: 456هـ/ 1064م)، 1900، جوامع السيرة، تحقيق: إحسان عباس، دار المعارف، مصر.
ــ الازرقي: محمد بن عبدالله بن احمد(ت: 250هـــ/865م)، د.ت، اخبار مكة وما جاء فيها من الاثار، تحقيق: رشدي صالح ملحس، دار الاندلس، بيروت.
ــ إبن سعد: محمد بن سعد(ت: 230هـ/ 785م)، 1990، طبقات الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــ إبن سلام: ابو عبيد القاسم بن سلام(ت: 224هـ/ 838م)،1989، الاموال، دراسة و تحقيق: محمد عمارة، دار الشروق، بيروت.
ــ إبن سيد الناس: محمد بن عبدالله بن يحيى(ت: 734هـ/1334م)، 1993، عيون الاثر في فنون المغازي و الشمائل و السير، تعليق: إبراهيم محمد رمضان، دار القلم، بيروت.
ــ السيوطي: جلال الدين عبد الحمن بن ابي بكر(ت: 911هـــ/1505م)، 2004، تفسير الجلاليين، راجعة و أعد للنشر: محمد محمد تامر، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، القاهرة.
ــ الشامي: محمد بن يوسف(ت: 942هــ/1535م)، 1993، سبل الهدى و الرشاد في سير خير العباد، تحقيق: عادل احمد عبدالموجود و علي محمد عوض، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــ الطبري: ابو جعفر محمد بن جرير(ت: 310هـ/923م)، 1997، تاريخ الرسل و الملوك، دار التراث، بيروت.
ــ ابو الفداء الايوبي: الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن محمد(ت: 732هـ/1231م)، د.ت، المختصر في اخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية، مصر.
ــ إبن قتيبة الدينوري: عبدالله ابن مسلم(ت: 276هـ/ 889م)، 1992، المعارف، تحقيق: ثروة عكاشة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
ــ ابن كثير: عماد الدين ابو الفداء اسماعيل بن عمر(ت: 774هـــ/ 1372م)، 1988، البداية و النهاية، تحقيق: علي شيري، دار احياء التراث العربي، بيروت.
ــ إبن الكلبي: هشام بن محمد(ت: 204هـ/ 819م)، 2000، الاصنام، تحقيق: احمد زكي باشا، دار الكتب المصرية، القاهرة.
ــ إمام مسلم: مسلم بن الحجاج(ت: 261هـ/ 875م)، د.ت، صحيح مسلم، تحقيق: فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
ــ المسعودي: ابو الحسن علي بن الحسين بن علي(ت: 346هـــ/ 957م)، 2005، مروج الذهب و معادن الجوهر، عني به: محمد هشام النعسان و عبدالمجيد طعمة الحلبي، دار المعرفة، بيروت.
ــ النسائي: احمد بن شعيب(ت: 303هـ/ 915م)، 2001، سنن الكبرى، تحقيق: حسن عبد المنعم شلبي، مؤسسة الرسالة، بيروت.
ــ إبن هشام: محمد بن عبد الملك(ت: 218هـ/828م)، 1955، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى صقا و اخرون، مطبعة مصطفى البابي، مصر.
ــ الواقدي: محمد بن عمر (ت: 207هـ/823م)، 1989، السير و المغازي، تحقيق: مدرسن جونس، دار الأعلمي، بيروت.
ــ ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي(ت: 626هـ/1228م)، 1995، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

**دووەم/ ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**

ــ ارنولد، توماس ارنولد، 1970، الدعوة الى الاسلام، ترجمة: حسن ابراهيم حسن و أخرون، مكتبة النهضة المصرية، مصر.
ــبدوي، عبدالرحمن بدوي، 1993، موسوعة المستشرقين، دار العلم للملايين، بيروت.
ــبروكلمان، كارل بروكلمان، 1968، تأريخ الشعوب الاسلامية، نقلها الى العربية: نبيه أمين فارس و منير البعلبكي، دار العلم للملايين، ط5، بيروت.
ــ بوابن، جبل محمد، 2022، صورة النبي محمد في الغرب، ترجمة: زينب صلاح، مركز الدلائل، الرياض.
ــبودلي، ر. ف، 1989 الرسول حياة محمد، ترجمة: محمد محمد فرج و عبد الحميد جودة السحار، مكتبة مصر، مصر.
ــالجبوري، كامل الجبوري، 2002، معجم الادباء في العصر الجاهلي حتى سنة 2002، دار الكتب العلمية، بيروت.
ــ الجميل، محمد بن فارس ، 2002، النبي(ص) و يهود المدينة (دراسة تحليلية لعلاقة الرسول بيهود المدينة و مواقف المستشرقين منها)، مركز الملك الفيصل للبحوث و الدراسات الإسلامية، الرياض.
ــحمدان، نذير حمدان، د.ت، الرسول في كتابات المشتشرقين، سلسلة دعوة الحق، مكة المكرمة.
ــحمدان، نذير حمدان، 1988، مستشرقون سياسيون، جامعيون، مجمعيون، مكتبة الصديق، الطائف.
ــحميد الله، محمد حميد الله، 1987، مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي و الخلافة الراشدة، دار النفائس، بيروت.
ــخليل، عماد الدين خليل، 1997، دراسة في السيرة، مؤسسة الرسالة، بيروت.
ــداود، عبد الأحد داود، 1985، محمد في كتاب المقدس، ترجمة: فهمي شما، مراجعة: احمد محمد صديق، مطابع الباكر، قطر.
ــدرادكة، صالح مؤنس، 1992، العلاقات العربية اليهودية حتى نهاية الخلفاء الراشدين، مؤسسة الاهلية للنشر و التوزيع، عمان.
ــرضا، محمد رشيد، 1985، الوحي المحمدي، مؤسسة عز الدين للطباعة و النشر، بيروت.

_السباعي، مصطفى السباعي، 1968، الاستشراق و المستشرقون( مالهم وما عليهم)، دار البيان، الكويت.
_سفارى، كلود إيتين، 1994، السيرة النبوية و كيف حرفها المستشرقون، ترجمة: عبدالعظيم علي، تحقيق: عبد المتعال محمد الجبري، دار الدعوة للطبع و النشر، الاسكندرية.
_شلبي، عبدالعزيز شلبي، د.ت، الارساليات التبشيرية، دار المعارف، الاسلام اباد.
_ طعمة، صابر طعمة، 1984، أخطار الغزو الفكري على العالم الإسلامي، عالم الكتب، بيروت.
_عبد الحميد، عرفان عبد الحميد، 1969، المستشرقون و الاسلام، مطبعة الارشاد، بغداد.
_العقيقي، نجيب العقيقي، 1964، المستشرقون موسوعة في تراث العرب، مع تراجم عن المستشرقين و دراساتهم عنه، منذ الف عام حتى اليوم، دار المعارف، ط3، مصر.
_علي، جواد علي، 2001، المفصل في تأريخ العرب قبل الاسلام، دار الساقي، بيروت.
_العمري، اكرم ضياء، 1983، المجتمع المدني في عهد النبوة، دار إحياء التراث الإسلامي، المدينة.
_عوض، إبراهيم عوض، 1998، دائرة المعارف الإسلامية الاستشراقية، مكتبة البلد الامين، القاهرة.
_القاسم، خالد عبدالله، 2010، مفتريات و أخطاء دائرة المعارف الاسلامية( الاستشراقية)، دار الصميعي للنشر والتوزيع، الرياض.
_كبير، عبد الوارث كبير، 1967، المستشرقون ليس كلهم اعداء، فمنهم من ادى للعروبة و الاسلام أجل الخدمات، مجلة الوطن العربي، العدد/102، الكويت.
_گابريلي، فرانسيسكو گابريلي، 2011، محمد و الفتوحات الإسلامية، ترجمة: عبد الجبار ناجي، المركز الاكاديمي للأبحاث، بيروت.
_لوبون، غوستاف لوبون، 2012، حضارة العرب، ترجمة: عادل زعيتر، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، القاهرة.
_مراد، يحيى مراد، 2004، معجم اسماء المستشرقين، دار الكتب العلمية، بيروت.
_مرجليوث، ديفيد صموئيل، د.م، اصول الشعر العربي، ترجمة و تعليق و دراسة: ابراهيم عوض، دار الفردوس.
_الندوي، سليمان الندوي، 1423هـ الرسالة المحمدية، دار ابن كثير، دمشق.
_ هيكل، محمد حسين، 1977، حياة محمد, دار المعارف، د.م.
_وات، مونتغمري وات، د.ت، محمد في المدينة، ترجمة: شعبان بركات، منشورات المكتبة العصرية، بيروت.
_والكر و شورڤون، ماثيو والكر و سيمون شورڤون، 2013، داء الصرع، ترجمة: هنادي مزبودي، مكتبة الملك الفهد الوطنية،الرياض.
_ولفنسون، إسرائيل ولفنسون، 1927، تاريخ اليهود في بلاد العرب في الجاهلية و صدر الإسلام، مطبعة الاعتماد، مصر.

**سێیەم/ ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:**

_ حمدان، عبدالحميد صالح، 2009، ڕۆژهەڵاتناسان بە درێژایی سەدەکان، وەرگێرانی: عماد جلال حبيب الله، دار الفكر، بیروت.
_ خەيات، شەهلە بورهان عەبدوڵڵا، 2019، بانگەوازی ئیسلامی و ژیانی کۆچەری لە سەرەتای (وەحی) یەوە تاوەکو (شەڕی هەڵگەڕاوەکان)، وەرگێرانی: ئیدریس عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و چەخشی نارین، هەولێر.
_ ئەلمەللاح، هاشم یەحیا، 2018، مێژووی سەردەمی پێغەمبەرو خولافای راشدین، وەرگێرانی: هۆشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**چوارەم/ ژێدەرەکان بە زمانی ئینگلیزی**

_ Cannon, George Q., 1907, the life of Joseph Smith the prophet, second edition, Utah.
_ Farrar, F.W, 1880, the life and work of St. Paul, New York.
_ Mathew& Harrison, H. C. G. Mathew& Brian Harrison edit, 2004, Oxford dictionary of national biography, Vol: 36, UK.
_ Margoliouth, D. S., 1905, Mohammed and the rise of Islam, G.P Putnam's sons, and the Knickerbocker press, Ney York and London.
_ Margoliouth, D. S., 1911, MOHAMMEDANISM, printed by: Hazel Watson and Viney, London.
_ Margoliouth, D. S., 1915, MUHAMMAD, Encyclopedia of Religion and Ethics, edited by: James Hastings, vol: 8, Edinburgh.
_ Watt, Montgomery, 1952, Mohammed at Mecca, oxford university press.
_ Wickham, L. G., 1949, the dictionary of national Biography 1931_1940, hereinafter cited.

# السيرة النبوية من وجهة نظر المستشرق ديفيد سموئيل مرجليوث
## (دراسة مقارنة نقدية)

**محسن مامل محمد**
قسم التاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين–إربيل،اقليم كوردستان،العراق
Muhsin.muhammad@su.edu.krd

**الملخص**
تتناول هذه الدراسة السيرة النبوية من وجهة نظر المستشرق الإنجليزى الشهير ديفيد ساموئيل مرجليوث، مسلطةً الضوء على آرائه و تحليلاته من خلال منهج نقدي أكاديمى واضح ودقيق, هادفة إلى كشف أخطائه العلمية ومغالطاته المنهجية، وبيان تحريفه للحقائق المتعلقة بحياة النبي وأصالة الإسلام، و بالأخص عدد من القضايا الجوهرية في السيرة النبوية والمسلمين، منها نسب النبي، ومشاركته في حرب الفجار، ورحلاته إلى الشام، ونظرية مرض صرع النبي المنسوبة إليه زوراً، ودعوته للإسلام في المرحلة السرية، وهجرة المسلمين إلى الحبشة، كما تناول دراسة التحولات الكبرى التي شهدتها في المدينة المنورة، مثل دستور المدينة، والحروب والغزوات، مع بيان موقفه تجاه اليهود، ومعاهدة الحديبية، بالإضافة إلى رسائله إلى الملوك والإمبراطوريات، وزيجاته ومصاهراته، وأسباب مرضه ووفاته، وفي النهاية اختار هذه الموضوعات وأطلق من خلالها انتقاداته وشكوكه غير مستندة إلى أي أساس علمي، محاولاً التشكيك في نقاء شخصية النبي ورسالة الإسلام، ومع ذلك تسعى الدراسة إلى الرد على تلك الادعاءات والاتهامات بالأدلة القاطعة والمعلومات الموثوقة المستمدة من المصادر التأريخية الأساسية المعاصرة لتلك الفترة.

**الكلمات المفتاحية**:السيرة النبوية، المستشرق، مارجليوث، الاتهامات، رد الاتهامات بالأدلة العلمية.

# The Prophet's Biography from the Point of View of The Orientalist David Samuel Margoliouth
## (Critical Comparative Study)

**Muhsin Mamel Muhammad**
Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
Muhsin.muhammad@su.edu.krd

**Abstract**
This study deals with the prophet's biography from the point of view of the famous orientalist David Samuel Margoliouth. Shedding light on his opinions and analyses through a clear and precise academic critical approach, aiming to expose his scientific errors and methodological fallacies and to demonstrate his distortion of the facts related to the life of the prophet and authenticity of Islam. And in particular a number of essential issues in the biography of the prophet and Muslims, including the lineage of the prophet, his participation in the Fijar War, his trips to Levant, the theory of the prophet's epilepsy falsely attributed to him, his call to Islam in the secret phase, and the migration of Muslims to Abyssinia. It also dealt with the study of the major transformations that took place in Medina, such as the constitution of the Jews, and the treaty of Hudaybiyyah, in addition to this letter to kings and empires, his marriages and in-laws, and the causes of his illness and death. In the end, he chose those topics and launched his criticisms and doubt through them, without any scientific basis, trying to cast doubt on the purity of the prophet's personality and the message of Islam. However, the study seeks to respond to these claims and accusations with conclusive evidence and reliable information derived from the primary historical sources' contemporary to that period.

**Key words**: the life of the Prophet, Orientalist, Margoliouth, accusations, responding to accusations with scientific evidence